

كتێبفرۆشی سۆران
٨٢
رۆڵی
وریا عومەر ئەمین
لە بواری زمانەوانیدا
ئاوات فەرحان وەسمان
هەولێر ٢٠١٠

کتێبفرۆشی سۆران

82

# وریا عومەر ئەمین  لە بواری زمانەوانیدا

ئاوات فەرحان وەسمان

هەولێر 2010

- ناوی کتێب : وریا عومەر ئەمین  لە بواری زمانەوانیدا
- نووسینی ئاوات فەرحان وەسمان
- تایپیست و نەخشەسازی :
- چاپ : یەکەم
- چاپخانە : چاپخانەی منارە / هەولێر
- تیراژ : 1000 دانە

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (2278) ی ساڵی (2010)ی پێ دراوە

# پێشەکی

کەمن ئەوانەی خەریکی لێکۆڵینەوەی ژیان و بەرهەمی ئەو کەڵە زانایانەبن کە ژیانی خۆیان بۆ خزمەت کردنی زمانی کوردی تەرخان کردووە. پرۆفیسۆر د. وریا عومەر ئەمین یەکێکە لەوکەسانەی لە مێژە دەستی داوەتە خزمەتکردنی زمانی کوردی بە پشت بەستن بە دەستکەوتەکانی زانستی زمانی گشتی و بە ڕێبازی نوێ هاتۆتە مەیدانەوە و دەوری باڵای هەیە لە پەرەسەندنی بواری زمانەوانی و رزگارکردنی ڕێزمانی کوردی لە بۆتەی چاولێکەری .

ئەم کارە تەرخان کراوە بۆ خستنە ڕوو و شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی بەشێ لەو کارانەی کە د. وریا عومەر ئەمین لە بواری زمانەوانیدا ئەنجامی داون و ئەو دەورەی بینیویەتی لە پەرەسەندنی بواری زمانەوانی کوردی.

د. وریا جگە لە باس و لێکۆڵینەوەی زمانەوانی گەلێ بابەتی لە بارەی ئەدەب و مێژوو و فەلسەفە و گەردوونناسی و ژینگە و ساڵنامە و چیرۆك و ...هتد بڵاو کردۆتەوە.بە شاعیرێکی رۆمانتیکی ناسراوە کۆمەڵە شیعرێکی لە ساڵی 2006دا بە ناوی ( سەیرانێکی شیعرستان )ەوە دەرچووە .. چەن لێکۆڵینەوەییێکیشی لە بارەی زمان و ئەدەبی عەرەبییەوە پێشکەش کردووە.

سەبارەت بە لێکۆڵینەوە و باس و وتارە زمانەوانییەکانی لە ساڵی 1976ەوە بەسەدانی لێ بڵاوکردۆتەوە..بەدەگمەن بابەتی زمانەوانی هەیە خۆی لێنەدابێ. لەم لێکۆڵینەوەیەدا جێی ئەوە نابێتەوە باسی هەموان بکرێ. بۆیە تەنیا ژمارەییێك لەو باس و وتارانەمان هەڵبژارد کە بابەتەکانی بۆ یەکەم جار لە بواری زمانەوانیی کوردی باس دەکرێن یا پەرەیان پێ دراوە.

ئەم لێکۆلینەوەیە باسی دەرچوونە بەشێکە لە پێداویستییەکانی پلەی بەکالۆریۆس لە زمان و ئەدەبی کوردیدا ، لە بەشی کوردیی کولێجی زمانی زانکۆی کۆیە بەسەرپەرشتیی د. عومەر مەحمود کەریم لە ساڵی خوێندنی 2007 – 2008دا ئامادەکراوە. بە پێشنیازی سەرپەرشتم و هەندێ لە مامۆستایان ئەوە وەك کتێبێ بڵاوی دەکەمەو دوای پێداچوونەوە و بژارکردن زیادکردن. هیوادارم بەمە توانیبێتم خزمەتێکی بواری زمانەوانی و رۆشنبیریی کوردیم کردبێ.

**ئاوات فەرحان وەسمان**

## ناوەرۆك


پێشەکی

**بەشی یەکەم – ژیان و بەرهەمی وریا عومەر ئەمین**

ژیانی وریا عومەر ئەمین

ڕای نووسەرو زمانەوانان لەبارەی کارە زمانەوانییەکانی وریاعومەرئەمین ـ ەوە.

بەرهەمە زمانییەکانی وریا عومەر ئەمین.

وریا عومەرئەمین وخوێندنی بالاّ.

وریا عومەرئەمین و کێشەکانی زمانی کوردی .

**بەشی دووەم – قۆناغەکان**

چەند یاساییێکی بنجی داڕشتنی ڕستەی زمانی کوردی .

لایەنەکانی دارشتنی کاری زمانی کوردی .

ڕێزمانی ڕاناو.

ڕێزمانی ڕاناوی لکاو .

پاشبەندی (ێ)

ئاڵوگۆڕبوونی راناوی لکاو لە بکەرنادیاردا

**بەشی سێیەم – وریا عومەر ئەمین و تیۆری بەرهەم هێنان**

راناو لە کرمانجیی ژووروودا

رەنگدانەوەی تیۆری (بەرهەمهێنان وگوێزانەوە) لە چەند بەرهەمێکی وریا عومەر ئەمین دا .

بناغەی سادەترین ڕستەی کوردی .

بنج و سیماو یاساکانی گوێزانەوە .

لێڵی لە زمانی کوردیدا .

ئەنجام

سەرچاوەکان

# بــەشـــی یــەکـــەم

ژیانی وریا عومەر ئەمین

ڕای نووسەرو زمانەوانان لەبارەی کارە زمانەوانییەکانی وریاعومەرئەمین.

بەرهەمە زمانییەکانی وریاعومەرئەمین.

وریاعومەرئەمین وخوێندنی بالآ.

وریاعومەرئەمین و کێشەکانی زمانی کوردی .

# ژیانی وریا عومەر ئەمین

(وریا عومەر ئەمین ) کە لەماڵەوە و لەناوهاوڕێکانی منداڵیی بە( شێرکۆ) ناسراوە . لەڕۆژی شەممەی ڕێکەوتی 15- 3- 1947 لەگەڕەکی بەفری قەندی لە شاری کۆیە لەدایك بووە .د.وریا سەبارەت بە بنەماڵەکەیەوە دەڵێت:((**من لە بنەماڵەییەکی ڕۆشنبیر پەروەردە بووم. باوکم فەرمانبەر و مامۆستای قوتابخانەی سەرەتای بوو**)) (ڕ.بەدرخان ژ 66 – 10:2006) و دەڵێت : **باوکم خەڵکی هەولێرە** و **دایکم کۆییە**. ( دیداری تایبەت 7/3/ 2008)

قوتابخانەی سەرەتایی لە عەنکاوە و ناوەندی و ئامادەیی لە هەولێر تەواو کردووە. لەساڵی 1967- 1968 دا لەبەشی کوردیی کۆلیژی زمانی زانکۆی بەغداد وەرگیراوە دوای دووساڵ کولێژی زمان تیکەڵ بە کولێجی ئاداب دەکرێت . لە 1970- 1971 بەکەلۆریۆسی بە یەکەمی وەرگرتووە . لە ساڵی 1972دا بۆخوێندنی باڵا چۆتە یەکێتی سۆڤیەت، لە زانکۆی مۆسکۆ زمان و ئەدەبی رووسی خوێندووە و کۆلیژی ئامادەیی تەواوکردووە . لە ساڵی 1973 دا خوێندنەکەی دەگوێزریتە ئینگلتەرا بۆماوەی ساڵێك لەپەیمانگای International School و LTC دەخوێنێ و دبلۆمی لێ لە زمانی ئینگلیزیدا وەردەگرێ وشەش ساڵ لەزانکۆی لەندەن دا فەلسەفە و زانستی زمان دەخوێنێت تا ساڵی 1980سێ بڕوانامەی باڵا **DP, M.A, M.Phil** وەردەگرێت.

1980 دەگەڕێتەوە و لە بەشی کوردیی کۆلێژی پەروەردەی سەر بە زانکۆی بەغداد بە مامۆستای زمانەوانی دادەمەزرێت و لە ساڵانی (1982- 1998) سەرۆکایەتیی بەشی کوردیی پێ دەسپێررێت.

1980 بوو بە خەبیر لە کۆڕی زانیاری عیراق.

1992 پلەی پڕۆفیسۆری وەردەگرێ.

1997 بوو بە ئەندامی کۆڕی زانیایی عیراق – دەستەی کورد.

لەو ساکەوە کە بەشی خوێندنی باڵا لە زانکۆکانی سەلاحەددین و بەغداد و سلێمانی و کۆیە دامەزراوە بە بەردەوامی لە هەموویانا لە بەشە کوردی و ئینگلیزییەکانیاندا وانە دەڵێتەوە و سەرپەرشتی و گفتوگۆی نامەی قوتابیانی دکتۆرا و ماجستێر دەکات.

2004 دکتۆرا لە مێژوودا وەردەگرێت.

2007 بوو بە ئەندامی کارای ئەکادیمیای کوردی.

د. وریا چەندین زمان دەزانێت و لێیان شارەزایە :(**کوردی ، عەرەبی، ئینگلیزی ، رووسی ، فارسی ، تورکی ،کلدانی**). د. وریا یەکەم کەس بوو لە کوردستانی عیرا قدا لە 9- 4- 1992 دا پلەی پڕۆفیسۆری لە زمانەوانی و زمانی کوردیدا وەر گرێ .جگە لەبواری زمانەوانی ، وەك د. وریا خۆشی ئاماژەی پێداوەو دەڵێت : ((**ژمارەیێك باس و وتاریشم لەبارەی فەلەك و ژینگە و فیزیا و جوغرافیاو فەلسەفەو مێژوو و زانست و ئەدەب و شیعر و چیرۆك و زمانی عەرەبی و بواری تر بلاّوبوونەتەوە. ...**)) (ڕ. بەدرخان ژ66 – 10:2006)

یەکەم نووسینی لە ساڵی 1965دا بڵاوبۆتەوە ، شیعر بوو .

ئیستا مامۆستای زمانەوانییە لە زانکۆی بەغداد و پڕۆفیسۆری وانە بێژە لە بەشە کوردی و ئینگلیزییەکانی زانکۆکانی سلێمانی و سەلاحەددین و کۆیە.

# ڕای نوسەر و زمانەوانان لەبارەی کارە زمانییەکانی ( وریا عومەر ئەمین) ەوە

مامۆستا مەسعود محەمەد،سەبارەت بە د.وریا و کارەکانی دەڵێت: ((**د. وريا عمر أمين لە سەقافەتی نوێی زمانەوانیی ئەوروپا بەرخوردارە بووە و خزمەتی زمانەکەمانی پێ دەکات**)). (مەسعود محمد 28:1986)

د.ئەورەحمانی حاجی مارف، سەبارەت بە وتارەکانی د.وریا، کەدەربارەی جێناوی لکاون بە((ڕێزمانی ڕاناوی لکاو)) دەڵێت :((**...زانیاری باش و ڕاستی لە بارەی ئەو کێشەیە تۆمار کردووە ، بە تایبەتی لە نیشان دان و دەورو چۆنیەتی دەرکەوتن و ئاڵو گۆر کردنی جێناوەکاندا. مەبەستی سەرەکی نووسەر لەم لێکۆلینەوانە دا ڕوون کردنەوەی دەوری جێناوی لکاوە لە ڕستە دا ، جا بۆیە ڕووی مۆرفۆلۆژی بایەخ پێنەدراوە...،کەم و کورتی ئەو بە شانەی وتارە ناو براوەکانی د. وریا کە پەیوەندیان بەم باسەی ئێمەوە هەیە (مەبەستی جێناوە) ، بە تایبەتی لە دیاری کردنی فۆرمی جێناوەکاندایە ، ئەویش لە کەسی دووەم و سێیەمی تاکی دەستەی دووەمدا ... بەڵام نابێ ئەوە لە یاد بکەین ، کە بەرهەمەکانی ئەم نووسەرە ، بە تایبەتی لە مەیدانی کێشە جۆربەجۆرەکانی جێناوی لکاودا جێی دیار و بەرزیان وەرگرتووە**)). (ئەورەحمان،53:1987)

مامۆستا **حەسەن جاف**، سەبارەت بە نامیلکەی (ڕێزمانی ڕاناوی لکاو) دەڵێت:((**نامێلکەکە بریتییە لە باسێکی گرنگ دەربارەی لایەنێك لە لایەنەکانی ڕێزمانی کوردی... هەر هەمووشمان ئاگاداری ئەوەین کە زۆر لایەنی ڕێزمانی کوردی هێشتا بە تەواوەتی یەك لایی نەبووە و یاساو دەستووری لە زمانی کوردییەوە هەڵێنجراوی بۆ دانەنراوە و نەچەسپاوە. لە بەر ئەوە هەر ئیجتیهادێك لەم بوارەدا لە چوارچێوەی تیۆردا دەمینێتەوە ، تا دەگەینە ئەنجامی تەواوی بێ دوو دڵی و بێ هەڵە و بیناغەی دەستوورە راستەقینە گونجاوەکانی زمانی کوردی دادەنێین.( ڕێزمانی راناوی لکاو ) کە لە ساڵی 1986دا دەزگای ڕۆشنبیری لە بەغداد بڵاوی کردۆتەوە ، باس لە بنەمایێکی زمانی کوردی دەکا کە ڕەنگە کەس پێش دوکتۆر وریا عومەر ئەمین هەستی پێ نەکردبێ**)). (**حەسەن جاف** ،4:1989)

د.عەبدوڵلا حوسێن ڕەسول دەڵێت :((**نووسەر چەندین وتاری بۆ ڕاناوە لکاوەکان تەرخان کردووە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ باسیان ئەکاو هەنگاو ێکی باشی بەرەو پێشەوە ناوەو زۆر لە ڕاستیەکانی دەست نیشان کردووە** )) .
(عەبدوڵلا حوسێن ڕەسول 1995: 54 )

مامۆستا عەبدول ڕەزاق بیمار، سەبارەت بە د.وریا و کارەکانی دەڵێت: ( **وریا لە کۆڕی زانستیدا باس ولێکۆڵینەوەی زۆرە و , وەچە دوای وەچە قوتابیی لە بەشی کوردیی کولێجی ئاداب پێ گەیاندووە و لە مەیدانی ڕێزماندا شارەزایەکی پشت ئەستوورە بەبنکە و بناوانی زانستی**). (عبدالرزاق بيمار 5:1997)

د. شێرکۆ بابان،لەبارەی نامیلکەی (ڕێزمانی ڕاناوی لکاو )،دەنووسێت و دەڵێت :((**جوانترین شت لەم نامیلکەیە ئەوەیە کە مامۆستا وازیهێناوە لە ڕێز کردنی نموونە و لە سەر چەند نموونەیەك کەوتووەتە کار بەرەو قوڵایی بە پێ ی کەرەستەی بیرکاری .ئەم لێکۆلینەوەیە لەسەر باری پانی زۆر بچووکە و لەسەر باری قووڵی زۆر گەورەیە**)) .

هەروەها د.شێرکۆ بابان، لە (**داینا میزمی جێناوی لکاو** لەڕستەسازیدا) ئاماژەی بەوە کردوە کەسەرەڕای جیاوازی لە ڕێبازی نووسینی بەڵام بۆ دانانی ئەم کتێبە کەڵکی ناڕاستەوخۆی وەرگرتووە لە سێ سەرچاوەکە یەکێکیان( ڕێزمانی

ڕناوی لکاو) ی د. وریا یە ، کە هەرسێ سەرچاوە بەوەی د.وریاشەوە بەسێ هەوڵی گەورە و سێ سەرچاوەی دیاریان دادەنێت بۆ ڕێزمانی جێناو. **(شێرکۆ بابان 1997 : 23)**

مامۆستا کەریم شارەزا، سەبارەت بە د.وریا و کارەکانییەوە دەڵێت:((**دکتۆر وریا عومەر ئەمین , هەروەك پرۆفیسۆری پسپۆرە لەزمانی کوردی و گەردوونناسیێکی مەعلانی کوردە و لێکۆڵینەوەی بە نرخی لەو زانستانە دا پێشکێش بە کتێبخانەی کوردی کردووە و جێگەی پەسندی خوێنەری هۆشیاری کوردن. دەبینین لە هەمان کاتدا شاعیرێکی شیعر ناسکی نوێکارە**)). (کەریم شارەزا 2004 : 32)

مامۆستا بەدران ئەحمەد حەبیب، لە پێشەکیی کتێبی (چەند ئاسۆیەکی تری زمانەوانی) دا دەڵێت: ((**بابەتەکانی ناو ئەم کتیبەی پرۆفیسۆر د. وریا عومەر ئەمین (چەند ئاسۆیەکی تری زمانەوانی) چەندان بابەتی هەمە جۆر و جیاجیا لە بواری لێکۆڵینەوەی زمان بۆ خۆی ( واتە زانستی زمان) دەگرێتە خۆ کە هەر یەکەیان تیشك دەخەنە سەر یەکێك لە کێشە و بابەتەکانی ئەمڕۆی زمانی کوردی . ئەم کتێبە لە فرەشێوەیی بابەتەکانی و زانستایەتیی لێکۆڵینەوەکانیدا،لە کتێبخانەی کوردیدا کتێبێکی کەم وێنەیە.**

**زمان چۆن دیاردەییێکی کۆمەڵایەتییە لە هەمان کاتدا بووە بە بابەتێکی زانستیی پەتیش کە لە ماتماتیك دەچێ. لێکۆڵینەوە لە رێسا و بنەماکانی و راهاتن لە سەریان ، یارمەتیدەری گرینگ دەبن بۆ پێشەوە چوون و پێشەوە بردنی زمانەکە و فراوانکردنی.**

**زمانی یەکگرتووی کوردی یەکێکە لە ئامانج و داخوازەکانی ئەم قۆناغەی مێژووی کورد. ئەمەش بە بێ لێکۆڵینەوە لە باس و بابەتەکانی زمان و دانانی رێسا و بنەما بۆ پێشەوە بردنیان، نایەتە دی . لێرەدا بایەخی ئەم بەرهەمەی مامۆستای هێژا (وریا عومەر ئەمین) مان بۆ دەردەکەوێ و جێی دەسخۆشییە**)). (بەدران ئەحمەد حەبیب 2004 : 6)

هاشم سەرراج دەڵێ ( **پرۆفیسۆر وریا عومەر ئەمین ) لە بەرگی یەکەمی کتێبی ( چەن ئاسۆیەکی تری زمانەوانی ) دا رستێك زانیاریگەلی دەگمەن و دانسقەی زمانی دەربارەی زانستی زمان دەخاتە روو و ...لە روانگەییێکی دیالیکتیکەوە لە خودی زمان و گۆڕانکاییەکانی دەڕوانێت ..)** (هاشم سەرراج 2008 : 151) **هەر وەها** دەڵێ **( ئاسۆیەکی تری زمانەوانی ) کتێبێکە لە رێگەی مێتۆد و یاسا و رێسای زانستی و بە نوێترین شێوازی ماتماتیکی لە لێڤڵەکانی زمان و کیش و شەپۆلەکانی شیعری کوردی و چەندین بابەتی جیاجیای بوارەکانی فۆنەتیك و فۆنۆلۆژی و سینتاکس و سیمانتیکی دەکۆڵێتەوە و تا رادەیەکیش چارەسەری زۆرترین کێشەو گرفتە رێزمانییەکان دەکات.** (هـ . س . ل 156)

فۆرمێکم بە سەر چەند پسپۆر و شارەزایانی زماندا دابەش کرد ، تیایدا لێم پرسیبوون چۆن ڕۆڵی د.وریا لە بواری زمانەوانیدا هەڵدەسەنگێنن . وەڵامەکانیان بەم جۆرەبوو:

د.شلێر رەسوڵ بەرزنجی دەڵێت:((**پ .د.وریا وەك مامۆستا و پسپۆر لە بواری زمانەوانیدا ڕۆڵی بەرچاوو، وتار و لێکۆڵینەوە هەمە جۆرەکانی هەموو کاتێك جێی سەرنج و تێبنی قوتابیان و لێکۆلەرەوانی بواری زمانە**)) .
( 2007/12/13 )

مامۆستا کەمال محەمەد ئۆمەر دەڵێت:( **ئەو بەرێزە ناوێکی دیار و ناسراوە لە بواری زمانی کوردی . بەشدارییەکی بەر چاوی هەیە لە لێکۆڵینەوە و بە ئەنجام گەیاندنی زۆر باس و لێکۆڵینەوەی زمانی . سەرە ڕای کتێب و بڵاوکراوەی دی . بەرهەمەکانیش زۆرن لێرە جێ نابێتەوە ناویان بهێنین .)** . (2007/12/13)

3 – د. عومەر مەحموود کەریم سەبارەت بە کارەکانییەوە دەڵێت :**((د.وریا عومەر ئەمین ڕۆڵێکی بەرچاو و دیاری لە بواری زمانەوانی کوردیدا هەبووە،چونکە لە بەریتانیا خوێندتی باڵای تەواوکردووە و ئینگلیزی زانێکی زۆر باشە،بۆیە لە دوا تیۆر و بۆ چوونە زمانەوانییە تازەکان ئاگادارە و تەنانەت ئەم تیۆر و بۆ چوونە تازانە لە بەرهەمەکانیشی ڕەنگی داوەتەوە ، بەتایبەتی تیۆری بەرهەم هێنان و گوێزانەوەی چۆمسکی بەڕای من د.وریا لە سەرتای کارکردنی لەبواری زمانەزانیدا بەرهەمی زۆرباش و زانستی پێشکەش بە کتێبخانەی کوردی کردووە و زمانەوانی کوردی پێ دەوڵەمەند بووە،ئەگەر ئێستاش بەهەمان گوڕوتینی جاران کاربکات،ئەوا بێگومان بەرهەمی زۆر زانستی ترو باشترپێشکەش بە کتێبخانەی کوردی دەکات)).** (2007/12/13)

م. ڕۆژان نوری سەبارەت بە د.وریا و کارەکانی دەڵێت

**( دکتۆر وریا عومەر ئەمین ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە لە خزمەت کردن بە بواری زمانەوانی کوردی ،چەند بەرهەمێکی بەنرخی پێشکەشکردووە،کە جێگای خۆیان کردۆتەوە لە بەرەو پێشەوە بردنی زمانەکەمان،من بە ئەستێریەکی پرشنگداری دادەنێم ،لە بواری ئەدەبیشدا،هەستە ناسکەکەی کردۆتە قالبی چەند شعرێکی بەپێز)** . ( 2008/4/8)

مامۆستا بابارەسول نوری سەبارەت بە د.وریا و کارەکانی دەلێت :

**( بەبۆچوونی من بەرێز د.وریا عومەر ئەمین سەرکردەی شۆرشێکە کە لەبواری زمانەوانیی کوردیدا بەرپای کردووە ، مرۆڤێکی هەست ناسکی بەزانیاری یە ، هەگبەکەی پڕە لەزانیاری و هەمووجۆرە زانیاریەکیشی لایە . لەهەموولایەنێکی زمانیشی کۆڵیوەتەوە و خزمەتێکی گەورەی زمانەوانیی کردووە. لە وانەوتنەوەشدا شێوازێکی ئاسان وپوخت وکورت و بەسودی هەیە . بەرهەمەکانی باشترین سەرچاوەن بۆ زمانەوانان و قووتابیانی قۆناغی ئامادەیی و بەکالۆریۆس و ماستەر و دکتۆرا. د. وریا لەهەموو ئاستەکانی زمانی کوردیی کۆلیوەتەوەو ، درکی بەزۆر نهێنیی ڕێزمانی کوردیی کردووە .هیوای تەمەن درێژی بۆدەخوازم وداواکارم لەخوای گەورە هەمیشە سەرکەوتوو و سەرفرازی بکات و ئاواتەخوازم لەکاروانەکەی بەردەوام بێت)** ..(17–10–2009 )

د.شەهاب تەیب تاهیر سەبارەت بەد.وریا و کارەکانی دەڵێت :

**( لەکوردستانی عێراقدا دەتوانین زانایەکی وەك (تۆفیق وەهبی) بەدەستەی یەکەمی ئەوانە دابنێین ، کەیاساوڕێساو دەستووری ڕێزمانی کوردییان داناوە وخزمەتێکی زۆری زمانی کوردییان کردووە ، پاش ئەم کۆمەلێك خەمخۆری تری زمانی کوردی هاتنکایەوە ، لەوانە د.نەسرین محمد فەخری ، د.ئەورەحمانی حاجی مارف ، نووری عەلی ئەمین ، د.وریا عومەر ئەمین و... هی تریش .**

**د.وریا عومەر ئەمین جگە لەو ڕۆلە گەورەیەی کە لەبواری زمانەوانیدا گێراویەتی ، ڕۆڵێکی گەورەی گێراوە لە پێگەیاندنی چەندین خوێندکار وسەرپەرشتی کردنی چەندین نامەی دکتۆرا و ماستەر .**

**وتارەکانی د.وریا عومەر ئەمین بە ڕێبازێکی تازە و بەشێوازێکی زانستی وبابەتی پێشکەش کراون .خۆی لەقەرەی زۆربەی بوارەکانی ڕێزمان و زمانەوانیی کوردی داوە. چەندین وتاری لەبارەی فۆنەتیك و فۆنۆلۆجی و شەسازی ورستەسازی و واتاسازی ...هتد نووسیووە. کارەکانی بەپێی پێوەرە زانستییەکان سەرکوتوون.**

**ڕۆڵی د.وریا عومەر ئەمین تەنها لە وتار و کتێب وناميلكانيدا نییە، بەڵکو لە پێگەیاندنی ژمارەیەکی زۆر لەخوێندکار و مامۆستایانی زمانەوانییە ، کەئێستا هەموو لەزانکۆکاندا خزمەتی زمانی کوردی دەکەن .ئەمە خۆی لەخۆیدا بە ڕۆڵێکی گەورە دەژمێردرێت لەبواری زمانەوانیدا)** .(13-10-2009)

مامۆستا نەریمان عبدالله کریم سەبارەت بە د. وریا و کارەکانی دەڵێت :

**( پرۆفیسۆر د.وریا عومەر ئەمین بەڕابەری نوێکردنەوەی زماننانسیی کوردی دادەنرێت . بەهەولوکۆششی د.وریا عومەر ئەمین زماننانسیی کوردی بەرەو ئاراستەیەکی تر چوو ، ئەمە لەلایەك ، لەلایەکی ترەوە زۆربەی نازناوە زانستیەکان لەڕێگەی ئەمەوە دەدرا بە مامۆستایانی زانکۆکان لە بواری زمانی کوردی و زمانەوانییەوە بەتایبەتی بۆ پلەی پرۆفیسۆری و پرۆفیسۆری یاریدەدەر. بۆیە جێگەی خۆیەتی نەك باسێکی دەرچوون یان کتێبێك لەسەر ئەم زاتە پیرۆزە ئەنجام بدرێ وچاپ بکرێ بەلکو دەبوایە تاهەنووکە چەندین نامەی ماستەرودکتۆرای لەسەر بکرابایە).** (14-10-2009)

# بەرهەمە زمانەوانییەکانی وریا عومەر ئەمین

یەکەم بەرهەمی زمانەوانیی د. وریا لە ساڵی 1976 دا بوو بە زمانی ئینگلیزی. لە ساڵی 1980دا دەستی کردووە بە بڵاوکردنەوەی باس ولێکۆڵینەوەی زمانەوانی بە کوردی. تا ئیستا بیّ وەستان بەردەوامە لە نووسین و بڵاوکردنەوە . .ئەمانەی خوارەوە بەشێکە لە باسە زمانەوانییەکانی:

**أ – نامە زانستییەکانی زمانەوانیی :**

1 - Some Fundamental Rules of Kurdish Syntax Structure-(M.A.) London University 1976.
2 - Aspects of the verbal construction in Kurdish .( D,M.Phil) SOAS London University- 1980.

**ب – وتار و لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکانی:**

د. وریا لەساڵی 1980 دوای تەواوکردنی خوێندنی باڵا لە زانکۆی لەندەن گەڕاوەتەوە وڵات و لە کولێژی پەروەردەی سەر بە زانکۆی بەغداد بە مامۆستای زمانەوانی دامەزرێنراوە و دەستی کردووە بە بڵاوکردنەوەی وتار و لێکۆڵینەوە لە گۆڤارو ڕۆژنامەکاندا لە بارەی زمانی کوردییەوە .ئەمانەی خوارەوە لە بڵاوکراوە زمانەوانییەکانییەتی:

**گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق – دەستەی کورد – بەغداد**

| ناوونیشانی بابەت | ژمارە | ساڵ |
|---|---|---|
| ئیملای کوردی و چەن تێبینی یەك | 9 | 1982 |
| لایەنێکی جیاوازی | 10 | 83 |
| پاشبەندەکان | 15 | 1986 |
| فۆنەتیك و فۆنۆلۆجی | 20 | 1989 |
| ڕێزمانی ڕاناو لە کرمانجیی ژووروودا | 21 | 1990 |
| مەرج و یاساکانی لە زمانی کوردی دا | 27 و 28 | 1998 |
| لێکۆڵینەوەیەکی مۆرفۆفۆنیمی | 29 و 30 | 2002 |
| چەند تێبینییەك لە بارەی ( نەریّ) وە | 31 | 2006 |
| خصائص اللغه الکردیه | 31 | 2006 |

**گۆڤاری کاروان – ئەمیندارێتی گشتیی بۆ ڕۆشنبیری و لاوان – هەولێر**

| | | |
|---|---|---|
| پەیوەندیی ڕاناو و فرمان لە کرمانجیی ژووروودا | 2 | 1983 |
| ڕێزمانی ڕاناوی لکاو | 8 | 1983 |
| فۆنۆلۆجیا | 20 | 1984 |
| مردنی وشە | 45 | 1986 |
| نیشانەکانی کات | 92 | 1992 |

**گۆڤاری ڕۆژی کوردستان – کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی کورد – بەغداد**

| | | |
|---|---|---|
| کات و ڕەگی فرمان | 65 | 1984 |

| | | |
|---|---|---|
| یاسایکی فۆنۆلۆجی | 66 | 1984 |
| ئامرازەکانی بەستن | 67 | 1984 |
| ڕێزمان چییە؟ | 69 | 1986 |
| کەی ( ات ) و کەی ( ێت ) | 70 | 1985 |
| یاسای دەرکەوتنی ( ر ) | 72 | 1986 |
| التفسير الميكانيكي لظاهرة الحروف الشمسية والقمرية | 79 | 1990 |

## گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ

| | | |
|---|---|---|
| زانستی زمان چییە | 88 | 1981 |
| ڕێکەوتن لە زماندا | 92 | 1982 |
| خزمایەتی لە زماندا | 94 | 1982 |
| ڕستەی بکەر نادیار | 95 | 1982 |
| زمان و ماتماتیك | 97 | 1983 |
| تێنەپەڕ فرمانێکی بکەر نادیارە | 107 | 1985 |
| چەند یاساییێکی مۆرفۆلۆجیی دارشتنی فرمان | 109 | 1986 |
| بناغەی سادەترین ڕستەی کوردی | 111 | 1986 |
| بیرکاری لە زماندا | 113 | 1987 |
| ڕێزمانی ڕاناو — هەندێ شیکردنەوەی مۆرفۆلۆجی | 115 | 1987 |
| لێکدانی وشەکان | 118 | 1988 |
| بنج و سیما و یاساکانی گوێزانەوە | 121 | 1989 |
| ئە لە مۆرفی ڕێزمانی | 122 | 1989 |
| شەپۆلەکانی شیعری کوردی | 126 | 1990 |
| لە پەیوەندییەکانی بکەر نادیار | 129 | 1992 |
| هێز و ئاواز | 134 | 1994 |
| لێڵی لە زمانی کوردیدا | 136 | 1995 |
| لە یاسا دەنکییەکانی زمانی کوردی | 138 | 1996 |
| ڕەخنەی ناڕەخنە | 140 | 1997 |
| ڕێزمانی هەیی لە زمانی کوردیدا | 141 | 1998 |
| پاشبەندی ( ێ ) لە ڕەخنەی ناڕەخنەدا | 142 | 1998 |
| بەراوردییەك | 146 | 2000 |
| سیستەمی کار کردنی ڕاناو لە کرمانجیی ژووروودا | 147 | 2001 |

## گۆڤاری نووسەری کورد – گۆڤاری یەکیەتیی نووسەرانی کورد – بەغداد

| | | |
|---|---|---|
| لە ئەنجامەکانی زانستی زمانی تازە | 1 | 1985 |
| ڕوونکردنەوەیێك | 2 | 1985 |
| فۆنیمەکانی زمانی کوردی | 8 | 1982 |
| وشە | 9 | 1982 |

## گۆڤاری ڕامان – دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی گولآن – هەولێر

| | | |
|---|---|---|
| ( ێت ) ی شێوێنەر | 39 | 1999 |
| ئینسایکلۆپیدیای کوردستان ئاواتێکە | 41 | 1999 |
| ڕەگی داهاتوو بە یەك یاسا | 49 | 2000 |

## گۆڤاری ئەکادیمیای کۆڕی زانیاری کوردستان

| | | |
|---|---|---|
| لە ڕووەکانی ڕێبازی گوێزانەوە | 3 | 2005 |
| بواری زمانەوانی و ئاستەکانی شیکردنەوە | 5 | 2006 |
| تایپۆلۆجیای زمانی کوردی | 6 | 2007 |
| جووشە | 8 | 2008 |

## ڕۆژنامەی عێراق

| | | |
|---|---|---|
| نەرێ لە زمانی کوردیدا | 2238 | 1983/6/8 |
| زمانی ئەسپیرانتۆ | 2262 | 1983/7/6 |
| وەرگێڕان | 2313 | 1983/9/7 |
| ڕێزمانی گشتی | 2433 | 1984/2/1 |
| هەندێ نووسینی کۆن | 2445 | 1984/2/15 |
| چەن زمان هەیە؟ | 2469 | 1983/3/14 |
| مۆرفیم | 2493 | 1986/1/6 |
| زمانە دەسکردەکان | 3024 | 1986/11/12 |
| یاسایێکی زمانەوانی | 3185 | 1986/11/12 |
| مۆرف و ئەلەمۆرف | 3249 | 1986/10/1 |
| فۆنەتیك | 3267 | 1986/10/22 |
| ئەندامانی ئاخاوتن | 3297 | 1986/11/26 |
| زانستی زمانی مێژوویی | 2315 | 1986/12/17 |
| مۆرفیم و جۆرەکانی | 4506 | 101990/31 |
| ئیرگەتیف | 4530 | 1990/11/28 |
| بۆ ( پشکووتن) ناکرێ بە تێپەڕ؟ | 4611 | 1991/3/4 |

| | | |
|---|---|---|
| 1991/4/15 | 4647 | ڕاناوی بەرکاری لە بکەر نادیاردا |
| 1991/4/30 | 4658 | ئەلفوبێی لێکۆڵینەوەی زمانەوانی |
| 1991/5/12 | 4667 | تێبینییەك لە بارەی شوێنی هێز لە وشەی کوردیدا |
| 1991/6/9 | 4691 | هێز وەك نیشانەی کات |
| 1991/7/8 | 4711 | ئەکرۆنیم |
| 1987/1/7 | 3155 | شۆڕشی کۆپرنیکی |

## ڕۆژنامەی پاشکۆی عێراق

| | | |
|---|---|---|
| 1988/1/20 | 19 | زانستی زمانی وەسفی |
| 1988/3/9 | 26 | تخووبی تێپەڕ و تێنەپەڕ |
| 1988/5/11 | 35 | فەرهەنگی دەنگە سروشتییەکان و یاساییێکی ڕێزمانی |
| 1988/6/22 | 41 | نژادی نووسین |
| 1988/8/17 | 48 | ڕێزمانی گشتی |
| 1988/12/21 | 66 | چۆن زاراوەی (ڤۆڵت) بکەم بە کوردی |
| 1989/2/1 | 72 | جۆرەکانی زمان لە رووی مۆرفۆلۆجییەوە |
| 1989//23 | 76 | دیسان زاراوەی ڤۆڵت |
| 1989/9/6 | 101 | پەیوەندی نێوان زمان و شێوە |
| 1990/2/14 | 124 | ژێکان |
| 1990/3/7 | 127 | نەرێ |
| 1990/3/28 | 130 | زمان و قسە |
| 1990/5/9 | 136 | بۆ ئەسپیرانتۆ سەری نەگرت |
| 1991/9/6 | 158 | ئاوازی ڕستە و واتا |

## ڕۆژنامەی هاوکاری

| | | |
|---|---|---|
| 1981/12/10 | 615 | ڕاناو لە کرمانجی ژووروودا |
| 1981/12/17 | 616 | ڕاناو لە کرمانجی خواروودا |
| 1982/4/29 | 634 | دەوری بەرکاری ڕاناوە لکاوەکان (1) |
| 1982/5/2 | 635 | دەوری بەرکاری ڕاناوە لکاوەکان (2) |
| 1982/5/10 | 639 | دەوری بەرکاری ڕاناوە لکاوەکان (3) |
| 1984/12/20 | 768 | تێبینیێك لە بارەی کتێبی ڕێزمانی کوردیی کوردۆئیف |
| 1988/10/20 | 1017 | ئاوێستا لە نێوان ( وەیس) و ( هەورامان )دا |
| 1988/11/3 | 1021 | یاساکانی ژمارەی ڕۆمانی |
| 1988/12/12 | 1032 | گۆڕانی ڕاناو لە بکەرنادیاری کرمانجیی ژووروودا |

| | | |
|---|---|---|
| ڕاناو لە بکەر نادیاری کرمانجیی ژووروو | 1046 | 1989/1/30 |
| حیسابی ئەبجەد | 1046 | 1989/1/30 |
| جووتە وشە | 1170 | 1990/4/16 |
| زمان لە ژێر زەڕەبیندا | 1177 | 1990/5/14 |
| گۆڕانی ڕاناو لە کرمانجیی ژووروودا | 1199 | 1990/5/22 |
| جۆرەکانی تێنەپەڕ | 1204 | 1990/8/20 |
| کەرەسەکانی دەنگ | 1259 | 1991/7/22 |
| ڕاناوی کەسی سێیەمی تاک | 2861 | 1998/3/8 |
| ئەم هەموو زمانە بۆ؟ | 788 | 1985/5/1 |

## ڕۆژنامەی ئاسۆ – بەغداد

| | | |
|---|---|---|
| یەکەم فەرهەنگ لە مێژوودا | 5 | 1989/8/26 |
| دیساسۆر دامەزرێنەری زانستی زمانی تازە | 1 | 1989/7/29 |

## ڕۆژنامەی بەدرخان

| | | |
|---|---|---|
| لە رووەکانی تێپەڕی | 76 | 2006/21/22 |
| بەردی رۆزیتا | 78 | 2007/2/22 |
| نژادی ناوی ئەمەریکا | 79 | 2007/3/22 |
| جیهانی وشە | 85 | 2007/9/22 |
| پێخەنێکی زمانی | 88 | 2007/12/22 |
| ئەلفوبێی جیهانی | 89 | 2008/1/22 |
| سێتۆکە | 90 | 2008/2/22 |

## گۆڤاری نووسەری نوێ

| | | |
|---|---|---|
| کوردی زمانێکی پۆلۆسینسیتیە | 36 | 2007 |

## رۆژنامەی بارزان

| | | |
|---|---|---|
| ستاندارد درووست دەبێ درووست ناکرێ | 59 | 2008/3/16 |

## رۆژنامەی چاودێر

| | | |
|---|---|---|
| دیمانە لەبارەی زمانی ستانداردەوە | 185 | 2008/7/14 |

# وریا عومەر ئەمین و خوێندنی باڵا

وریا عومەر ئەمین لەساڵی 1982 دا بوو بە سەرۆکی بەشی کوردی . لە ساڵی 1992دا پلەی پرۆفیسۆریی وەرگرت و بوو بە یەکەم پرۆفیسۆری زمانی کوردی و زمانەوانی .. دەستی کرد بە هەوڵدان بۆ دامەزراندنی بەشی خوێندنی باڵا (دکتۆرا و ماجستێر) لە بەشی کوردیدا. لەم بارەیەوە د. وریا لە دیمانەیەکدا لەگەڵ رۆژنامەی بەدرخاندا دەڵێت: **(( لە ساڵی 1992دا کە سەرۆکی بەشی کوردیی کولێجی پەروەردەی زانکۆی بەغداد بووم . بە پێشنیار و هاوکاری و هاندانی مامۆستایان د. کەمال مەزهەر ئەحمەد و د. ئەمین موتابچی توانیم بەشی خوێندنی باڵا دامەزرێنم . تا ئیستا بێ وەستان بەردەوامە و بە دەیان قوتابیی تیایا بڕوانامەی ماجستێر و دکتۆرایان وەرگرتووە.لەو دەسکەوتانەی کە شانازییان پێ ئەکەم لەم بووارەدا ئەوەیە رەزامەندیم دەسگیرکرد مامۆستایان نوری عەلی ئەمین و عبدالرزاق بیمار بە دەرسدانەوە و موناقەشەکردن بەشداری لە خوێندنی باڵا بکەن. ئەمە داننانێکی فەرمی بوو بە پایە و پلەی بەرزی ئەکادیمیی ئەم دوو زانایانەمان.**

**لە ساڵی 1994 دا بوو عەمیدی کولێجی ئادابی سەلاحەددین لە هەولێر د. ئازاد محمد امین نەقشبەندی وسەرۆکانی بەشی ئینگلیزی و کوردی داوایان لێ کردم یارمەتییان بدەم لە دامەزراندنی خوێندنی دکتۆرا و ئەوەشیان دەرخست کە بێ هاوکاریی من ناتوانن ئەم هەنگاوە بنێن. منیش سەرباری باری نالەبار و ترسناك و بێ ئامانی ئەوسا هەموو توانای خۆمم خستە ژێر دەستیان و چووم بۆ دەرسدانەوە . بووم بە سەپەرشتی هەموو قوتابییانی دکتۆرای دەورەی یەکەمی بەشی ئینگلیزی و کوردی. هەر دوو حەفتە جارێ ئەچووم . هەمان شت بە گوێرەی زانکۆی سلێمانی.لە ساڵی 1998ەوە بە بەردەوامی لە بەشی خوێندنی باڵای ئینگلیزی یەکەیدا دەرس ئەڵێمەوەو سەرپەرشتیی قوتابییانی ئەکەم وبەشداری لەموناقەشەکانیان ئەکەم . بەشێکی هەرە زۆری هەڵگری ماجستێر و دکتۆراکانی ئینگلیزی و کوردی هەموو زانکۆکانی کوردستان قوتابیی من بوون چ بە دەرسدانەوە چ بە سەپەرشتی چ بە موناقەشە.تا ئیستا بوومەتە سەرپەرشت و ئەندام و سەرۆکی لیژنەی موناقەشەی زیاتر لە 250 قوتابیی دکتۆرا و ماجستێر لە تۆ اختصاصی جیا جیادا. (ڕ.بەدرخان ژ 66، 12:2006)**

د.وریا یەکەم زمانەوانە لە کوردستانی عیراقدا پلەی پرۆفیسۆریی وەرگرتووە. تەرقییەی بە هەموو مامۆستایانی زمانی کوردیی بۆ پلەی پرۆفیسۆری و یاریدەری و مامۆستا کردووە . ). ئەو زمانەوانەی بۆ پلەی پرۆفیسۆری تەرقییەی پێ کردوون ( د. نسرین محمد فخری و د. ئەورەحمانی حاجی مارف و د. عبدالحمید یعقوب و د. محمد معروف فتاح و د. یوسف شەریف ) . ئەوانەی بۆ پلەی پرۆفیسۆری یاریدەر تەرقییەی پێ کردوون (محمد معروف فتاح و د. فاروق عمر صدیق و د. فەرەیدوون عەبدول بەرزەنجی و د. یوسف شەریف و د. محمد محوی و د. هۆگر محمود فرج و سەلام ناوخۆش ) . ئەوانەی بۆ پلەی مدرس تەرقییەی پێ کردوون ( محمد معروف فتاح و رەفیق محمد محی الدین و فەرەیدوون عەبدول بەرزەنجی ...) ( ر. بەدرخان ژ. 73 – 2006 : 9) لەم بارەیەوە د. وریا خۆی دەڵێ:

**(جگە لەمە بەشداریم لە تەرقییەی هەمووان کردووە بۆ پلەی مامۆستایی و یاریدەریی و پرۆفیسۆری.ئیستاش بەردەوامم لە هاوکاریی ئەکادیمیی لەم دوو زانکۆیەدا بە دەرسدانەوە و هەموو جۆرە جموجۆڵێکی زانستی)) . (ڕ.بەدرخان ژ 67 ، 12:2006)**

# وریا عومەر ئەمین و کێشەکانی زمانی کوردی

مەسەلەی ڕێنووس و نووسینی زمانی کوردی بە ئەلفوبێی لاتینی و زاراوە و زمانی ستاندەرد لە کێشە و گیروگرفتە ئاڵۆزەکانی ئەم سەردەمەی زمانی کوردییە. لێرەدا چەند را و بۆچونێکی د.وریا لە بارەی ئەم کێشانەوە دەخەینە روو کەلە نووسینەکانی و دیمانەکانیدا لە بارەیانەوە دواوە .

## 1 – گیروگرفتی زاراوە

**پرسیار: وەك زمانەوانێك چۆن سەیری گیروگرفتی زاراوەسازی دەکەن؟**

**وەڵام:**(( زاراوە وشەیێکە لە بواری زانستیدا وەك ناوێ لە شتێ یا لە چەمکێکی مادی یا مەعنەویی زانستی ئەنرێ وەك هەر ناوێکی تری زمان. زاراوە پێناسین نییە بۆ ئەو شتەی ئەیگەیێنێ و مەرج نییە پەیوەندیی واتایی لە نێوان زاراوەکەو و ئەو چەمکەی کە ئەیگەیێنێ هەبێ. رادار و لێزەر و یۆنسکۆ و هەزاران زاراوەی تری لەم جۆرە کەبەپێڕەوی ئەکرۆنۆمی داڕێژراون. نیوتن و ڤۆڵت و ئەمپێر و داین و هەزاران زاراوەی تری زانستی کە بە ناوی زانایانەوە نراون. چ پەیوەندییەك لە نێوان واتای ئەم ناوانە و ئەو چەمکانەی کە وەك زاراوە بۆیان دانراوە هەیە. گونجاندنی زاراوە لەگەڵ ئەو چەمکەی ئەیگەیێنێ لە رووی واتاوە ئاسنی سارد کوتینە و هەرگیز ناتوانرێ بوارێ لە وشەیێکا کۆکرێتەوە. کەناوێ لە شتێ ئەنرێ یا زاراوەیێ بۆ چەمکێکی زانستی دائەنرێ چاك یا خراپ پێویستە رەچاو بکرێ لە پێناو پاراستنی یێکیێتی لێکۆڵینەوەی زانستی. لە لەنجامی بەکارهێنانی بەردەوام بەرە بەرە لە رووی سایکولوجییەوە چەمکەکەی لێ ئەنیشێ و لەناو یاسا دەنگییەکانی زمانەکە خۆی ئەتوێتەوە و ئەبێ بەشتێکی سروشتی. بەداخەوە لای ئێمە هەندێ زمانەوانان پێشنیاری زاراوەی دووەم یا سێیەم بۆ هەندێ زاراوە زمانییەکانمان ئەکەن. ئەمە وا ئەکات بەرە بەرە لێکولەرەکانمان ببن بە دوو بەش و سێ بەش لە رووی بەکار هێنانی زاراوەکانەوە زۆر جار هەمان نووسەر هەردوو یا هەرسێ زاراوەکە بەکار ئەهێنێ.کە زاراوەیێ دائەنرێ ئەبێ لێکۆلەر و قوتابی و نووسەران بەو جۆرەی کە دانراوە بەکاری بهێنن . ئەگەر هەر یەکە لە خۆیەوە بێ شێوەی تری بۆ پێشنیار بکات ئەوە ئەبێتە فەوزا و گێرە شێوێنی و پەرت و بڵاوی و زیان بە کاروانی لێکۆڵینەوەی زانستی ئەگەیێنێ. بەداخەوە تائیستا دەزگاییێکی زانستیی وا لای ئێمە نییە کۆنترۆڵی ئەم لایەنە بکات و زمانەوانان پێڕەوی بکەن.

بە گوێرەی زاراوە زانستییەکانی جیهانیش , بەلای منەوە ئەبێ وەك خۆیان بەکار بهێنرێن , چونکە پەرەسەندنی یەکجار خێرا و فرەوان لە بواری بیر و زانستا رۆژێ بە هەزاران زاراوە دێنیتە کایەوە, هەرگیزاو هەرگیز هیچ میللەتێ فریای ئەوە ناکەوێ بە زمانی نەتەوەیی خۆی دایانرێژێتەوە . لەمەش گرنگتر زمانی زانست ئیستا بۆتە زمانێکی یەکگرتووی جیهانی**))**.(بەدرخان ژ 67 ، 2006 : 12 )

## 2– دەوری ڕێزمان لە پاراستن و گەشەسەندنی زمان

پرسیار: بەلای ئێوەوە ڕێزمان چ دەورێك ئەبینێ لە پاراستن و گەشەسەندنی زمان ؟

وەڵام ( **زمان گەر ئاڵۆزترین دیاردەی سروشت نەبێ یێکێکە لە هەرە ئاڵۆزترینەکانی. یاساکانی زمان سروشتین واتا دانراونین. وەك هەر یاساییێکی سروشتیی تر , هەڵسووڕان و کار کردنیان لە ژوور دەسەڵاتی مرۆڤدان. دەوری زمانەوان تەنیا وەسف کردن و دەست نیشانکردنی یاساکان و رووە شاراوەکانی ئەم سیستەمە لەرادە بەدەر ئاڵۆزەیە.. ئەم یەکجار سرکی و ئاڵۆزییەی زمانیش وای کردووە زمانەوانان هەرگیز نەتوانن تەنانەت بەشێکی کەمیشی لایەنەکانی زمانەکانی خۆیان دەست**

**نیشان بکەن و بخەنە روو. ئیتر چۆن شتێ بە هۆی وەسفکردنێکی ناتەواوی ئەپارێزرێ؟.. واتا رێزمانی زمان بنووسرێتەوە و نەنوسرێتەوە زمان کاری خۆی هەر ئەکات و ستاندەردەکەی دروست ئەبێ ئەگەر باری مەوزووعی پەیا بێ . بۆ نموونە زمانی یەکگرتووی عەرەبی لە سەردەمی جاهیلیدا دامەزرابوو و سەدان ساڵ بەردەوام بوو و ئەو هەموو شیعرە مەزنەی جاهیلی و موعەللەقاتی پێ نووسرا و دوایێ قورئانی پیرۆزی پێ دابەزی و تائیسناش بەردەوامە بێ ئەوەی باسی هیچ رێزمانێکی لەو سەردەمەدا کرابێ کە ستاندەرتەکەی تیا دروست ئەبوو . تەنانەت نووسینیش یەکجار دەگمەن بوو و شیعر و ئەدەبیان بە هۆی لەبەرکەرەکانەوە (راوییەکان) بڵاو ئەکرایەوە و لە نەوەیێکەوە ئەگوێزرایە نەوەیێکی تر . قۆرئان دوای مردنی پێغەمبەر بە بیست و پێنج ساڵ نووسرایەوە.زمانی شەکسپیر(1564 – 1616) کە بتەوترین و بەرزترین شاعیر و ئەدیبی هەموو مێژووی ئینگلیزە، چوارسەد ساڵی بەسەردا تێنەپەڕیوە ئینگلیزی ئیستا وەك زمانێکی بیانیی تێدەگا و لە زانکۆدا بەشی تایبەتی هەیە بۆ فێربوونی زمانی شەکسپیر.**

**نموونەی تر زۆرە ... راییێکی کۆن و مردووە کە ئەڵێ رێزمانی زمان لە پێناو پاراستنی زمان ئەنووسرێتەوە. ئەمە وەك ئەوە وایە بڵێی یاساکانی کێش و سوورِگەکانی بنەماڵەی خۆر دەست نیشان ئەکرێن و ئەنووسرێنەوە لە پێناو پاراستنی سیستەمەکەی. ئەوەی زمان ئەپارێزێ مانەوەی میللەتەکەیێتی. تا خاوەن زمانەکە مابێت زمانەکەی ئەمینێ و ئەپارێزرێ. گەشی و کزیی هەر زمانێکیش لە رووی فەرهەنگ و دەربرِینەوە بەندە بە باری هوشیاری و رۆشنبیری و شارستانیەتی میللەتەکەی. زمان بەردەوام لە گۆڕینێکی خێرادایە. هیچ هێزێ ناتوانێ ئەم گۆڕینە راگرێ ..گەر زمانی ئیمرِۆی کوردیمان بەراورد بکەین لە گەڵ هی سەد ساڵ پێش ئیمرِۆ شتی سەیرمان بۆ دەرئەکەوێ . گەر نالی , کە سەدو پەنجا ساڵێ لەمەوبەر ماڵئاوایی لێ کردووین , زیندوو بێتەوە زمانی کوردیی ئیمرِۆمان بە زمانێکی بیانیی تێئەگا و برِوا ناکەم لە بێك دێر شیعری شێرکۆ بێکەس حاڵی بی و وشەکانی بۆ لێکبدرێتەوە.**

**لە رووی زانستییەوە نووسینەوەی رێزمانی زمانە جیاوازەکانی جیهان زۆر گرنگە و رۆڵی تایبەتیی هەیە لە دۆزینەوە و دەست نیشانکردنی نهێنییەکان و رووەکانی ئەم سیمایە گرنگەی مرۆڤ. ئامانجی هەرە سەرەکیی زانستی زمان دەست نیشانکردنی پرینسیپە گشتییە هاوبەشەکانی زمانە وەك دیاردەیێکی مرۆڤیی گشتیی .ئەم ئامانجە تەنها لە رێی بەراووردکردنی رێزمانی زیندووی زمانە جیاوازەکانی جیهان دێتە ئەنجام.**

**لە لاییێکی ترەوە لەم سەردەمەی ئیستاماندا کە لە قۆناغی دامەزراندنی زمانی یێکگرتوو داین رێزمان دارِشتن گرنگێتی تایبەتیی هەیە. چونکە ستاندەرت وەك زمانێکی دووەمی لێ دێ و قسەکەرانی سەر بە شێوە جیاوازەکانی تری زمانەکە فێری ئەبن. فەرهەنگ و رێزمانی تەقلیدیی زمانی ئینگلیزی و عەرەبی بۆ نموونە رێزمانی ستاندەرتیانە تا رادەیێکی زۆر جیایە لە فەرهەنگ و رێزمانی زمانی ئاخاوتنیان و وەك زمانێکی دووەمیان لێ هاتووە بۆیان و لە قوتابخانەدا فێری ئەبن. بە گوێرەی زمانی کوردیش شێوەی سلێمانی لە کوردستانی خوارووا بۆتە بیناغە و ناووکی پێکهاتنی زمانێکی ستاندەرت لەم بەشەی کوردستاندا. گەر ئەم ستاندەرتە بەراورد بکرێ لەگەل قسەی ئاخاوتنی شاری سلێمانی دەرئەکەوێ کە زۆر لێکترازاون.)** ( دیمانەی رۆژنامەی چاودێر ژ 185/ 2008/7/14 )

## 3 – رێنووسی کوردی

وریا لە ساڵی 1982 دا لە گۆڤاری کۆڕی زانیاریی عیراق – دەستەی کورد ژمارە 9 باسێکی بە ناوونیشانی (ئیملای کوردی و چەن تێبینییەك) بڵاو کردۆتەوە .

د. وریا لەم باسەیدا بۆ یەکەم جار لە مێژووی رێزمانی کوردی پێرِەوی جووتۆکە بۆ دەست نیشان کردنی فۆنیمەکانی زمان دەخاتە روو و بە هۆیەوە فۆنیمەکانی زمانی کوردی و یاساکانی دارِشتنی برِگەی زمانی کوردی دەخاتە روو. هەروەها

هەندێ لە گیروگرفتەکانی رێنووسی کوردی دەخاتە روو و رای خۆی لە بارەی چارەسەرکردنیان پێشکەش دەکاو وای دەردەخا کە گیروگرفتێکی ئەوتۆ لە رێنووسی کوردیدا نییە، تاکە گیروگرفت ئەوەیە پێك نایێین لەسەر جۆری نووسین و لێکدانیان . لەم بارەیەوە دەڵێت: (( **گەر ئەو ئیملایەی ئیستا هەمانە بەراوردی بکەین لەگەڵ ئیملای میللەتانی تری وەك ئینگلیزی چینی و فەرەنسی , ئەوسا هەست بەوە دەکەین ئێمە لە چاو ئەو میللەتە پێشکەوتووانە گیروگرفتی ئیملامان چەن کەمە.... زۆربەی زۆری ئەم گیروگرفتانەچارەسەر دەکرێن تەنها بەپێکهاتن لەسەر دەستنیشان کردنی فۆنیمەکان و جۆری نووسینیان و لێکدانیان ..**)). (وریا، 1982: 439) هەروەها لە بارەی گیروگرفتەکانی رێنووسی کوردییەوە دەڵێت:

**(یەکەم هەنگاو بۆ دامەزراندنی رێنووسی هەر زمانێ دەست نیشان کردنی فۆنیم و ئنجا پیتەکانییەتی. تا ئێرە سنوور وئەرك و دەسەڵاتی زمانەوانییە. لایەنەکەی تر چۆنیەتی لێکدانی پیتەکانە لە ناو چوارچێوەی وشەکاندا. ئەم بەشە لە ژوور دەسەڵاتی زمانەوانیدایە.**

**بۆ نموونە (ی) ئیزافە کە دەچێتە سەر ئەو وشانەی بە (ی) کۆتاییان دێت . وەك لە :**

**( یاری + ی ) منالآن دەشێ بەم دوو جۆرە بنووسرێ:**

**أ – یاریی منالآن . ب – یاری ی منالآن.**

**أ – ئەم یاری یە ب – ئەم یارییە.**

**لە وشە لێکدراوەکاندا وەك لە.**

**أ – هەڵم گرت / ب – هەڵمگرت**

**أ – هەڵمان نەگرت . ب – هەڵماننەگرت**

**ا – رامان گرت . ب – رامانگرت**

**أ – لایان نەدا ب – لایاننەدا**

**أ – هەڵی ناگرین ب – هەڵیناگرین**

**أ – جێ بە جێ کردن ب – جێبەجێ کردن ج – جێبەجێکردن**

**أ – بێ هۆش ب – بێهۆش )**

**هیچ پێوانەیێکی زمانەوانی نییە بریار بدات کامەیان راستر و باشترە . راسترین و باشترینیان ئەوەیانە هەموو لەسەریا پێك دێن. واتا ئەبێ دەزگاییێکی وەك کۆڕی زانیاری و ئەکادیمی کۆنگرەییێکی بۆ ببەستێ زمانەوانان و نووسەران و نوێنەرانی هەموو ناوچەکان بەشداری تیا بکەن بریار بدەن کامە پێڕەو بەکار بهێنرێ و ئەبێ ئەم بریارە رەچاو بکرێ و ریزی لێ بگێرێ لەلایەن هەموو نووسەر و رۆژنامەکان و دەزگاکانی پەخش و بڵاوکردنەوەوە.**

**هیچ پێوانەییێکی زمانەوانی نیـیە بریار بدات کامەیان راستە. ئەم بەشەی رێنووس ئەبێ کۆڕی زانیاری کۆنگرەییێکی بۆ ببەستێ و بریار بدرێ کامە جۆر پەسند بکەن و بە یاسا بسەپێنرێ و هەموو چاپخانەکان و دام و دەزگا فەرمییەکان وەریگرن و لەسەری برۆن.** (دیمانەی تایبەتی 2009/1/9)

## 4– رێنووسی لاتینی

پرسیار: راتان بە گوێرەی رێنووسی لاتینی؟

وەڵام: **( سەرەتا ئەبێ ئەو ەبزانین کە ئەلفوبێی لاتینی و عەرەبی و زۆربەی هەرە زۆری زمانانی جیهان لە رووی مێژووییەوە هاوسەرچاوەن.هەموو لە هیرۆگلیفییەوە دابەزیوون.واتا لە بنەڕەتا هیچ ئەلفوبێیێك بە تایبەتی بۆ هیچ بنەماڵێکی زمانیی یا بۆ هیچ یێك لەو زمانانەی بەکاریان ئەهێنن دانەنراوە. هەر زمانێك ئەشێ بە هەر ئەلفوبێیێك بنووسرێ. زمان دیاردەیێکی**

**سرك و بزێو و زیندووه و نووسین وشكه و مردووه  بۆیه هەر زمانێك هەر جۆره ئەلفوبێیێكی بۆ بەكار بهێنرێ گیروگرفتی رێنووسی  تیا سەر هەر هەڵئەدا و بە تێپەڕینی كات گیروگرفتەكان زیاد ئەكەن.بە لای منەوه كوردی چ بە رێنووسی دامەزراو لەسەر بیناغەی ئەلفوبێی عەرەبی بێ چ لاتینی  هەمان شته گرنگ پیكّهاتنێكی گشتییه كورد بییێكێنی).**

(ڕ. بەدرخان ژ 67 ،12:2006)

# 5 – زمانی یەكگرتوو

پرسیار:  پێتان وایه چی بكرێ بۆ ئەوەی زمانی ستاندەردی یەكگرتووی كوردی چێ بكرێ ؟

وەلام: **( ئەمە مێژوو بریاری ئەدا و لە ژوور دەسەڵاتی زمانەوانانە ).**

(ڕ. بەدرخان ،12:2006)

# بەشی دووەم

چەند یاسایێکی بنجی دارِشتنی رِستەی زمانی کوردی .

لایەنەکانی دارشتنی کاری زمانی کوردی .

رِێزمانی رِاناوی لکاو .

راناو لە کرمانجیی ژووروودا

# چەند یاسایێکی بنجیی داڕشتنی ڕستەی زمانی کوردی

**Some Fundamental rules of Kurdish Syntax Structure . M.A London University**

ئەم کتێبە یەکەم کاری زمانەوانیی د. وریا یە, کرۆکی نامەی ماجستێرەکەیەتی لە ساڵی 1976 لە لەندەن بەزمانی ئینگلیزی بڵاوبۆتەوە... تیایا بۆ یەکەم جار لە مێژووی نووسینەوەی ڕێزمانی کوردی بە فراوانی یاساکانی داڕشتنی ڕستەی سادە و ئاڵۆز ی زمانی کوردی بە پێی بنەماکانی ڕێبازی بونیاتگەری یاسا فرێزییەکانی Phrase structural rules زمانی کوردی دەستنیشان دەکات و دیاردەی ئاڵوگۆڕبوونی ئەرکی ڕاناوە لکاوەکان بە گۆڕینی کات کاری ڕستەکە دەخاتە روو.

ڕێزمانی چاولێکەریی کوردی بە گشتی بایەخی هەر بە وشە و دەست نیشانکردنی یاساکانی داڕشتنی وشەو بەشەکانی ئاخاوتن و هەندێ لایەنی دەنگسازی و مێژوویی ئەدا. کەڵە نووسەری وەك تۆفیق وەهبی و نوری عەلی ئەمین و مەسعوود محەممەد و د. ئەورەحمانی حاجی مارف و زۆری تر لەم بارەیەوە بەرهەمی زۆر نایاب و سەرکوتوویان پێشکەش کردووە.دەیان کتێب و سەدان لێکۆڵینەوەو وتاریان بڵاوکردۆتەوە.تیایاندا یاساکانی داڕشتنی وشە و لایەنەدەنگسازییەکانی زمانی کوردی دەخەنە روو.بەڵام زۆر کەم خۆیان لە رستەسازی داوە. ئەگەر باسیشیان کردبێ زۆر بە خێرایی و گشتی بووە. ئەمە لەراستیدا سیمای سەرەکیی ڕێزمان و زمانەوانیی چاولێکەرییە. گرنگیی ئەم کتێبە لەوەدایە کە بۆ یەکەم جار لە مێژووی ڕێزمان نووسینی زمانی کـــوردی کتێبێك دەردەچێ تەرخان کرابێ تەنها بۆ رستەسازی و بەپێی ڕێبازە نوێباوەکان.

وریا عومەر ئەمین لە پێشەکیەکەیدا دەڵێت:**((ئەو زمانەوانانەی لە زمانی کوردیان کۆڵیوەتەوە ئەبن بە دوو کـۆمەڵ ئەوانەی کوردن و کوردی زمانیانە و بەتەواوی شارەزای زمانەکەن , بەڵام لەبەر ئەوەی شارەزای بنەما ســەرەکــییەکانی زمانەوانی نین بۆیە نەیانتوانیوە گەلێ رووی زمانی کوردی لێکدەنەوە و یاساکانیان دەست نیشان بکەن.. بەشەکەی تر ئەو رۆژهەڵاتناسانەن کە ئاگاداری بنەماکانی شیکردنەوەی زمانەوانین بەڵام لەبەر ئەوەی بەتەواوی شارەزای زمانی کوردی نین بۆیە دەرکیان بە زۆر لایەنی ڕێزمانیی ئەم زمانە نەکردووە .. بۆیە زمانی کوردی بەشێوەیێکی پێویست بە قووڵی لێی نەکۆڵراوەتەوە)).** تا دەڵێت: **((ڕێزمانی کوردی ئەوەندە بایەخی بە رستەسازی نەداوە. ڕێزمان نووسەکان بایەخیان هەر بە وشە و قاڵبی وشە و جۆرەکانی داوە)).** (وریا 1976 : 1)

بە بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبە ڕێچکەیێکی تر لە بواری ڕێزمانی زمانی کوردیدا سەری هەڵدا. تیایا بۆ یەکەم جار ئەم لایەن و یاسایانەی زمان و ڕێزمانی کوردیی بە بواری زمانەوانیی کوردی دەناسێنرێت:

1 – چەمکی مۆرفیم و جۆرەکانی (سەربەست – بەند – ڕێزمانی – مۆرفۆلۆجی) و دەست نیشانکردنی مۆرفیمە ڕێزمانییەکان.

2 – دەست نیشانکردنی تایپۆلۆجیای زمانی کوردی وەك زمانێکی SOV و نووساو Agglutinative و Polosynthetic .

3 – یاساکانی داڕشتنی فرێزی.

4 – هێڵکاریی درەخت tree diagram .

5 – یاسا فرێزییەکانی داڕشتنی رستەی سادە و ئاڵۆزی زمانی کوردی.

6– لێڵی لە رستەسازیدا.

7- ئاڵ و گۆڕبوونی ڕۆڵی جێناوە لکاوەکان بە گۆڕینی کاتی کاری رستە.

# لایەنەکانی داڕشتنی کاری زمانی کوردی

**Aspects of the verbal construction in Kurdish, D , M.Phil Thesis, London University . SOAS. 1979**

**ئەمە نامەی** دکتۆراکەیەتی کە لە ساڵی 1979 پێشکەش بە زانکۆی لەندەنی کردووە . بە پێی ڕێبازی چۆمسکیی قۆناغی ئەسپێکت (1965) زمانی کوردیی شیکردۆتەوە و لایەنە ڕێزمانییەکانی دەخاتە ڕوو.یەکەم کارە کە بە پێی ڕێبازی چۆمسکی لە زمانی کوردی بکۆڵێتەوە. نامەکە ئەم بابەتانە دەگرێتە خۆ:

1 – فۆنۆلۆجیای زمانی کوردی.

2 – تایپۆلۆجیای زمانی کوردی .

2 – یاساکانی فرێزیی ڕستەی کوردی.

4– کار ( ڕەگ – کات – ئەسپێکت – موود – نەرێ – کاری لێکدراو – ڕێکەوتن – یاساکانی شوێنی).

5– کلیتیکاندن . Cliticization

6 – ڕۆڵی بکەری و بەرکاریی جێناوە لکاوەکان و یاساکانی ئاڵوگۆڕبوون.

7 – کاری بوون ( فۆڕم و واتا و ئەرك).

8 – کاری ویست و ئارەزوو. Mood

9 – بکەر نادیار .

10 – کۆزەتیڤ بە هەردوو جۆرییەوە (سینسیتیك و ئەنالیتیك).

11 – ئێرگەتیڤ و یاساکانی لە زمانی کوردیدا.

(وریا 1979 :

ئەوەی لێرەدا پێویستە ئاماژەی پێ بدەین،ئەم دوو نامەیەی تائێستا بەئینگلیزی ماونەتەوە،بێگومان گەر وەربگێردرابان بۆ سەر زمانی کوردی کتێبخانەی کوردییان زیاتر دەوڵەمەند دەکردوو خوێنەرانی زمان و لێکۆڵە رەوان و مامۆستایان و خوێندکاران زیاتر کەڵکیان لێی وەردەگرت و زووتر ئاگاداری ڕێبازە تازەکانی زمانەوانی دەبوون..

سە بارەت بە مانەوەیان بەزمانی ئینگلیزی د. وریا لە وەلامی پرسیارێك دا بۆ رۆژنامەی بەدرخان دە لێت : **((بەگوێرەی بلاوکردنەوەیان هەر لەگەڵ تەواوکردنیان وەك خۆیان بە زمانی ئینگلیزی بلاو کراونەتەوە و دانەم لێ پێشکەش بە زۆربەی زمانەوانان و کتێبخانەکانی ناوەوە و دەرەوەی وڵات کردووە و هەر لەو ساکەوە بوون بە سەرچاوە بۆ گەلێ باس و لێکۆ لینەوەی دواتر . بە پێی مەرج و پێرەوی ئەکادیمی و ئامانجەکانی خوێندنی بالا هەموو نامەیێکی ماجستێر و دکتۆرا ئەبێ شتێکی تازەی بەدەستەوە دابێ وهەنگاوێ بێ لەبوارە کە ئەبێ یەکسەر لەگەڵ دەرچوونیان بخرێتە بەردەست لێکۆلە رەوان بابەو زمانەش بێ کە پێی نوسراوەتەوە . بەگوێرەی کردنیان بە کوردی وەك ئە زانن زمان و شێوازی زانستی زمانی تازەو زاراوەکان و بە کارهێنانی هێماکان و کورتکراوەکان و تە کنیکیی داڕشتنی یاساکان لەم ڕێبازەدا بە زمانی کوردی ئاسان نی یە و بە لکو ڕێکناکەون. هەر چۆ نێکی بێ لێکۆ لەری قۆناغی ماجستێر و دکتۆرا ئەتوانی سوودیان لێ وەرگرێ وەك لە نووسین و لێکۆڵینەوەکانیان دەرئەکەوێ. ئێستا بە تەمای ئەوەم چاپی دووەمی هەردووکیان هەر بە زمانی ئینگلیزی پێشکەش بکەمەوە))** .(ر . بەدرخان ژ 67 ،2006: 11)

# <u>ڕێزمانی ڕاناو</u>

## <u>ڕێزمانی ڕاناوی لکاو</u>

له ساڵی 1986 دا له دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی کتێبێکی د. وریا عومەر ئەمین بەناو و نیشانی ( ڕێزمانی ڕاناوی لکاو ) دەرچوو. ئەم کتێبە پێشتر وەکو خۆی لە ژمارە (8) ی گۆڤاری کاروان ساڵی 1983دا ل 68 – 74 بڵاو کراوەتەوە. لەبەر گرنگێتی دووبارە وەك كتێبێ بڵاو کراوەتەوە تەنیا پێشەکیی بۆ نوسراوە.پێش گۆڤاری کاروانیش د. وریا ناوەڕۆکی ئەم لێکۆڵینەوەیە لە ساڵی 1981ەوە بە زنجیرە لەم ژمارانەی ڕۆژنامەی هاوکاریدا بڵاو کردۆتەوە:

| | | |
|---|---|---|
| 1 – دەوری بەرکاری ڕاناوە لکاوەکان | 634 | 1981/4/29 |
| 2 – دەوری بەرکاری ڕاناوە لکاوەکان | 635 | 1981/5/2 |
| 3 – دەوری بەرکاری ڕاناوە لکاوەکان | 639 | 1981/5/10 |
| ڕاناوی بەرکاری لە بکەر نادیاردا | 4647 | 1991/4/15 |
| گۆڕانی ڕاناو لە بکەرنادیاری کرمانجیی ژووروودا | 1032 | 1988/12/12 |
| ڕاناو لە بکەر نادیاری کرمانجیی ژووروو | 1046 | 1989/1/30 |

وریا لە پێشەکیی ئەم کتێبەیدا دەڵێت: **((ساڵی 1975 بوو جارێ خەریکی شیکردنەوەی هەندێ ڕستەی کوردی بووم،دووچاری دیاردەیێکی سەیر هاتم زۆری سەرنجی ڕاکێشام ئەوەش ئەوە بوو لە هەندێ حاڵەتا بە گۆڕینی کاتی فرمانی ڕستە دەوری هەندێ لە بەشەکانی ڕستەکە ئاڵوگۆڕ ئەبوو. وەك لە:**

**گوڵت بۆ ئە (نێر) م**

**لەم ڕستەیەدا (ت) دەوری بەرکاری ناڕاستەوخۆ و (م) دەوری بکەری بینیوە. ( نێر ) ڕەگی کاتی داهاتووی ( ناردن ) ـە. کاتی ڕەگەکە بگۆڕێت و بکرێت بە رابردوو , (ت) و (م) دەورەکانیان ئاڵوگۆڕ ئەکەن.**

**گوڵت بۆ ئە (نارد) م**

**لەم رستەیە ( ت ) بکەرە و ( م ) بەرکاری ناڕاستەوخۆیە.**

**ئەم کتێبەی تەرخانە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم لا یەنەی ڕێزمانی کوردی .**

**نەهاتە بیرم ڕێزمانی کوردی ئەم لا یەنەی چارەسەر کردبێ و یاساکانی دەسنیشان کردبێ , وابوو کتێبێکم بە زمانی ئینگلیزی بڵاوکردەوە ئەم دیاردەیەم تیا بە کورتی پێشکەش کرد ))** . (وریا ،4:1986)

د. وریا دەڵێت کە ئەم کتێبە ( تەنیا لەو بەشەی راناوە لکاوەکان ئەکۆڵێتەوە کە کاتی فرمان دەورەکانیان دەست نیشان ئەکات بە پێی پێڕەوی گوێزانەوە Transformational Grammar . ( وریا 5:1986)

مەبەستی کتێبی ( چەند یاسایێکی بنجیی دارشتنی رستە لە زمانی کوردیدا) کە کرۆکی نامەی ماجستێرەکەیەتی و لە ساڵی 1976 لە لەندەن بڵاوبۆتەوە و پێشتر باسمان کرد.

**د. وریا یاساكانی ڕێزمانی ڕاناوی لكاو بەم جۆرە دەخاتە ڕوو:**

لە كرمانجی خوارووودا دوو دەستە جێناوی لكاو هەیە، د.وریا ئەم دوو دەستەیە بە نەخشە دەخاتە روو بەلاّم دابەشی كردونەتەسەر سێ كۆمە لّە، كە سەرەڕای هەبوونی تاكە جیاوازی نێوان كۆمەلّی (2) و (3) تەنیا لە كەسی سێ یەمی تاكدا،وەك خۆیشی ئاماژەی پێداوە كە تەنها بۆ مەبەستی شێكردنەوە جیای كردونەتەوە .ئەگینا راناوە لكاوەكان دوودەستەن دابەشی كردونەتەسەر دوو كۆمەلّەی (A) و (B) بەم شێوەیەی خوارەوە:

| ژمارە | كەس | راناوی جودا | راناوی لكاو A | B |
|---|---|---|---|---|
| تاك | 1 | من | م | م |
| | 2 | تۆ | ت | یت |
| | 3 | ئەو | ی | – / ات/ێت |
| كۆ | 1 | ئێمە | مان | ین |
| | 2 | ئێوە | تان | ن |
| | 3 | ئەوان | یان | ن |

(وریا،14:1983)

لە دوایی دا دەلّێت : **((یەكێ لە تایبەتیەكانی كۆمەلّی یەكەمی جێناوە لكاوەكانی واتە كۆمەلّی (م – ت – ی – مان – تان – یان) ئەوەیە شوێنیان لەڕستەدا ئەگۆڕێ بە پێی قالّبی ڕستەكە))**

د.وریا یەكەم زمانەوانە یاساكانی جێگۆڕینی ئەم دەستە راناوە دەستنیشان دەكات و دەلّێت : (كۆمەلّی یەكەمی ڕاناوە لكاوەكان بەیەكەمی ئەم بەشانەی ڕستەوە ئەلكێ بەم ریزە:

1– بەركاری ڕاستەوخۆ

2– بەركاری ناڕاستەوخۆ

3– پێشبەند


4– پێشگری یەكەم

5– ڕەگی فرمان ) ------ یاساژمارە(1)

شایانی باسە كە لە رێزمانی كوردی پێش وریا باسی ئەم جێگۆڕین ویاساكانی بەرچاوناكەوێ.

(كۆمەلّی دووەم هەمیشە بە رەگی فرمانە وە ئەلكێن ) .......یاساژمارە(2) (وریا 1979 : )


گرنگیی ئەم باسە لەوەدایە كە نووسەر خەسلّەتێكی گرنگی تری زمانی كوردیی بۆ یەكەم جار باسكردووە، ئەویش ئەوەیە گەر بكەر و بەركار بەجێناوی لكاو دەربڕابن بە گۆڕینی كاتی كارەكە ئەركی خۆیان ئالّوگۆڕ دەكەن .( وریا 1976 : 30) واتا ( بكەر دەبێتە بەركار) و ( بەركار دەبێتە بكەر) . ئەمە روون دەكاتەوە و یاساكانی دادەڕێژێ. بۆ ئەمە ئەم نموونەیە دەهێنێتەوە:




وریا . 1983 گ . کاروان ژ 8 ل

رستەی یەکەم و دووەم بە تەواوی لە هەمان کەرەسە پێك هاتوون بە هەمان ریزەوە. تاکە جیاوازییەك لە نێوانیانا ئەوەیە (کاتی کاری رستەی یەکەم داهاتووە و هی دووەم رابردووە). لە رستەی یەکەمدا (تان) بەرکارە و لە دووەمدا بکەرە ،


د. وریا یاساکانی ئاڵوگۆڕبوونی راناوە لکاوەکان بە گۆڕینی کاتی کاری رستەکە بەم هێلکارییە روون دەکاتەوە:




(وریا،15:1983)

هەروەها د.وریا دەڵێت :((گەر بەرکاری ناڕاستەوخۆ بە ڕاناوێکی لکاو جێگیر کرا .. پێشبەندی (بە) ئەبێ بە (پێ ) و (لە) دەبێ بە (لێ) .... یاساژمارە (3) )) (وریا،1983: 19)

یاساکە بەم شێوەیە جێبەجێ دەبێت:





د.وریا دەڵێت: ((**بەرکاری ڕاستەوخۆ و ناراستەوخۆ ئەشێ هەردووك پێکەوە بە ڕاناوی لکاو جێگیر بکرێن** ))

یاساکانی بەم جۆرە روون دەکاتەوە:

أ- ئەگەر کارەکە لەکاتی داهاتوو دابێت هەر دوو ڕاناوە لکاوە بەپێشبەندەوە ئەلکێن . یاساکەی بەم جۆرە خستۆتە روو:

**پێشبەند– بەرکاری ڕاستەوخۆ – بەرکاری ناڕاستەوخۆ**

لە جێ بەجێ کردندا بەم شێوەیە دەبێت:





من بۆ – ت – ی دەهێنم .

(وریا،1983:20–21)

ب- گەر فرمانەکە لە کاتی ڕابردوو دا بێ ..هەر دوو ڕاناوە لکاوەکان بە ڕەگی فرمانەوە ئەلکێن بەم جۆرە:

**ڕەگی فرمان – بەرکاری ڕاستەوخۆ – بەرکاری ناڕاستەوخۆ**

لە جێ بە جێ کردندا بەم شێوەیە دەبێت:





تۆ بۆ ت نارد _ ن _ ین

ئەوەی لەم جۆرە نموونانە دا تێبینی دەکرێت کە کەمێك نامۆ بە زمان دەبینرێت لە بەکار هێنان دا . د.وریا خۆیشی دەلێت: ((**جێگیر کردنی هەردوو بەرکار پێکەوە بە ڕاناوی لکاو لە قسەکردنا زۆر کەمە**)). (وریا،1983:21–22)

د.وریا دەلێت:((**کەی دوو ڕاناوی لکاو بە یەکەوە بەڕەگی فرمانەوە لکان یەکێکیان دەوری (بکەری )و ئەو یتر (بەرکاری)بینی ریز بوونیان بەم جۆرە ئەبی:**

**ڕەگی فرمانی – بکەر – بەرکار**

لەجێ بەجێ کردندا بەم شێوەیە دەبێت:




من بینی _ م _ ن


((تەنیا گەر (بکەر) لە کەسی سێیەمی تاکدا بێت . لەم حاڵەتەدا ڕیز بوونیان بەمجۆرە ئەبێ:

**ڕەگی فرمان _ بەرکار _ بکەر**

لە جێ بە جێ کردندا بەم شێوەیە دەبێت :

**رەگی فرمان – بەرکار – بکەر**

ئەو ئێمە ی بینی




ئەو بینی _ ین _ ی (بڕوانە:وریا،23:1983)

## پاشبەندی (ێ)

سەبارەت بە پێشبەندی (ێ) وە ، د. وریا دەڵێ " یەکەم کەس باسی ئەم پێشبەندەی کردبێ (ئەدمۆنس) ـە لە ساڵی 1955دا لە وتارێکیدا بە ناوی ( پێشبەند و ڕاناوی لکاو لە کوردیی خوارووداا ). دوای ئەم لە ساڵی 1961 دا د. مەکەنزی باسی ئەم پاشبەندە ئەکات. بەڵام هیچ کامێکیان یاساکەیان دەستنیشان نەکردووە. لەوانەیە مامۆستا مەسعود محەممەد ئاگاداری ئەم سەرچاوانە نەبووبێ .. ئەمیش لەلای خۆیەوە هەوڵی داوە ئەم دیاردەیە لێك داوەتەوە... ئەمیش نەگەیشتۆتە ئەنجام. لە ساڵی 1986 دا لە وتاری (پاشبەندەکان) دا یاسای دەرکەوتنی (ێ)م زۆر بە چڕی پێشکەش کردووە" (وریا1998: 15).

لە بارەی پێشبەند و پاشبەندەکان و پەیوەنییان بە سیستەمی کارکردنی ڕاناوی لکاوەوە د. وریا لە باسی ( پاشبەندەکان) دا کە لە ژمارە 15 ی ساڵی 1986 ی گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق – دەستەی کورد بڵاوکراوەتەوە ، دەڵێت (( لەگەڵ فرمانی ( دان – گەیشتن..) دا ئەگەر ئەو ناوە یا ڕاناوەی لە دوای پێشبەندی (بە) دەردەکەوێ بە ڕاناوێکی لکاو دەربڕا ، پێشبەندی ( بە) دەبێتە پاشبەندێکی فرمانی و قاڵبی (ێ) دەگرێتە خۆ

أ – کتێبەکەم دا بە ئەوان

ب – کتێبەکەم دانێ

أ – شتەکان بدەن بە من

ب – شتەکانم بدەیێ

دوو بزوێنی ( ـە ) و ( ێ ) هاتنە پاڵ یەك ( ی ) لە نێوانیانا دەرکەوت و بوو بە ( بدەیێ) . لە هەندێ شێوەدا لە جیاتی ئەم (ی) یە (ر) دەردەکەوێ و دەبێتە :

کتێبەکەم بدەرێ ))

(وریا 1986: 184)

لێرەدا د. وریا یاسای دەرکەوتنی پاشبەندی (ێ) و (ر) ی نێوان دوو بزوێن دەستنیشان دەکات.

## ئاڵوگۆڕبوونی راناوی لکاو لە بکەر نادیار دا

وریا لە وتاری ( رستەی بکەر نادیار ) دا گۆڤاری رۆشنبیری نویٚ ژ 95 ساڵی 1982 ل 34 – 35 . یاساکانی گواستنەوەی رستەی بکەر دیار بۆ بکەر نادیار دەخاتە روو و یاساکانی کارکردن و ئاڵوگۆڕبوونی راناوە جودا و لکاوەکان دەستنیشان دەکات. هەروەها لە باسی ( لە پەیوەندییەکانی بکەرنادیار 1992 ) دا یاساکانی بکەرنادیاری داڕشتەی مۆرفۆسینتاکسی دەستنیشان دەکات و دەڵێت:

(( رستەیێکی بکەر نادیار ئەگەر کاتی فرمانەکەی لە داهاتوودا بیٚ و بەرکارەکەی بە راناوێکی لکاو دەربڕابیٚ ، راناوە لکاوەکە سەر بە کۆمەڵی (م – ت – ی – مان – تان – یان) دەبیٚ وەك لە:

أ – دە – مان – بین – ێت.

ب – دە – تان – دۆز – م – ەوە.

بە گواستنەوەی رستەی وا بۆ بکەر نادیار ، ئەو راناوە لکاوەی تیایا دەوری بەرکاری دەبینێت و جێی بکەر دەگریٚ ، دەگۆڕیٚ و بە لراناوی بەرامبەری سەر بە کۆمەڵەکەی تر ( م – یت – × – ین – ن – ن) و جێی خۆی دەگۆڕیٚ و دەچێتە سەر رەگی فرمانەکە:

(م ) دەبێتە (م)

(ت) دەبێتە (یت / ی)

(ی) دەبێتە (ێت / یٚ)

(مان) دەبێتە (ین)

(تان) دەبێتە (ن)

(یان) دەبێتە (ن)

لە رستەی ( دەیانبینم ) دا (یان) بەرکارە و (م) بکەرە. کە دەکریٚ بە بکەر نادیار ( یان) دەگۆڕیٚ بە ( ن ) و بە رەگی کارەکەوە دەلکیٚ و رستەکە دەبێتە ( دە – بین – ر – یٚ – ن ) )) ( وریا 1992: 22).

سەبارەت بە بکەر نادیارەوە د. وریا وای بۆ دەچیٚ کە ( ر ) نیشانەی نادیارییە ( ا ) نیشانەی اتی رابردووە و ( یٚ ) نیشانەی کاتی داهاتووە. بەم جۆرە شیی دەکاتەوە:

کوژ – ر – ا

کوژ – ر – یٚ

(وریا 1979: 117).

دەڵێت ئەم نیشانانە ( ا – یٚ ) وەك نیشانەی کاتی رابردوو و داهاتوو لە پێکهاتەی کۆزەتیڤیشا ( بە تێپەڕکردن) دەردەکەون . سەبارەت بە کۆزەتیڤەوە .. دوو جۆری لیٚ دەست نیشان دەکات. (سینسیتیك) و (ئەنالیتیك) و ئەوە دەردەخا کە نیشانەی کۆزەتیڤی ئەنالیتی (ن) ـە و بەم جۆرە شیی دەکاتەوە.


فڕ – ا – ن

فڕ – یٚ – ن

(وریا 1979: 127)

د. وریا لە وتاری ( نیشانەکانی کات لە زمانی کوردیدا ) کە لە گۆڤاری کاروان ژ 92 ساڵی 1992 ل 88 – 92دا بە فراوانی باسی نیشانەکانی کات لە زمانی کوردیدا دەکات.

.د. وریا لە وتاری ( بەراوردییەك ) دا کە لە گۆڤاری رۆشنبیری نویٚ ژ 146 ساڵی 2000 دابڵاو بۆتەوە. یاساکانی کارکردنی سیستەمی راناوی لکاو بەم جۆرە دادەرِێژیٚ :




( وریا 2000: 18)

لەم شێوەیەدا کۆمەڵی A دەوری هەردوو ( بکەری ) و ( بەرکاری ) دەبینیٚ.

بە پێداچوونەوە بە رێزمانی کوردی بۆمان دەردەکەویٚ کە پێش بڵاو کردنەوەی ئەم وتارانەی د.وریا هیچ یەکیٚ لەم یاسایانە و بەو جۆرە سیستەماتیکیە و هێلکارییە باس نەکراوە. دوای ئەم وتارانە زمانەوانان بە تایبەتی قوتابییانی خوێندنی باڵا پێڕەوییان کرد و دەیان کتێب و نامە و لێکۆڵینەوە لە بارەیەوە بڵاوکراونەتەوە .

## رِاناو لە کرمانجیی ژووروودا

د. وریا باسێکی بە ناو و نیشانی (پەیوەندیی رِاناو و فرمان لە کرمانجیی ژووروودا)_لە گۆڤاری کاروان ژمارە 2ی ساڵی 1983 ل 41 – 43 دا بڵاوکراوەتەوە. تیایدا یاساکانی کارکردنی جێناو لە کرمانجیی ژووروودا دەخاتە روو. لەم بارەیەوە د. وریا دەڵێت:

**( زمانەوانان وایان لە قەڵەم داوە گوایا لە کرمانجیی ژووروودا لە رابردووی تێپەرِدا راناوی لکاو لەگەڵ فرمان دەرناکەویٚ ، نموونەکانیشیان لەم بابەتەیە:**

**من خار (من خواردم)**

**تە خار (تۆ خواردت) ...هتد.**

**ئەم بۆچوونە راست نییە ، لە کرماSنجیی ژووروودا فرمان لە هەموو حاڵەتێکدا راناوی لکاوی لەگەڵا دەرئەکەویٚ. بەڵام لەبەر ئەوەی سەر بەو سیستەمە زمانانەیە کە بە ئێرگەتیڤ Ergative ناوئەبرێن ، دەرکەوتن و دەرنەکەوتنی بەرکار دەورئەگێرِیٚ لە دەرکەوتن و دەرنەکەوتنی راناوی لکاو)** ( وریا 1983: 41) هەر لەم بارەیەوە دەڵێت: **(ئەوانەی لە راناوەکانی کرمانجیی ژوورووبان کۆڵیتەوە سنووری شیکردنەوەکانیان لە دەوری بکەریی ئەم راناوانە رەت نەبووە و سروشتی پەیوەندییان بە بەشەکانی تری رستەوە دەستنیشان نەکردووە ن بۆیە کەموکوڕییەکی زۆر کەوتۆتە بۆچوون و ئەو یاسایانەی دایان رِشتوون)** (وریا 1990:ل 252). لە رستەی :(من دیت – من بینیم) دا ، (من ) بکەرە ( دیت) کارە کاتەکەی رابردووە هیچ راناوێکی لکاوی لەگەڵا دەرنەکەوتووە.ئەگەر بەرکاری لەگەڵا دەرکەویٚ کارەکە بە پێی کەس و ژمارەی بەرکارەکە راناوێی لکاو وەردەگریٚ. (من تو دیتی ) ( تە ئەم دیتین)

د. وریا چۆنیەتی کارکردنی راناو لە کرمانجیی ژووروودا بەم جۆرە دەخاتە روو:

کرمانجیی ژووروو دوو دەستە راناوی جودا و یەك دەستە راناوی لکاوی هەیە:


| **ژمارە** | **کەس** | **راناوی جودا** | | **راناوی لکاو** |
|---|---|---|---|---|
| | | A | B | |
| **تاك** | 1 | من | ئەز | م |
| | 2 | تە | تو | ی |
| | 3 | وی/ویێ | ئەو | -/ت/ ەت |
| **کۆ** | 1 | مە | ئەم | ین |
| | 2 | وە | هوون | ن |
| | 3 | وان | ئەو | ن |

لەگەڵ کاری تێپەڕدا

1 – لەرابردوودا دەستەی (من) ئەرکی ( بکەری) و دەستەی (ئەز) ئەرکی ( بەرکاری) دەبینن .

2– لە داهاتوودا دەستەی (من) ئەرکی (بەرکاری ) و دەستەی (ئەز) ئەرکی ( بکەری) 1

دەبینن .




3 – کار هەمیشە لەگەڵ دەستەی ( ئەز ) ڕێك دەکەوێت .

لە بارەی چۆنیەتی کارکردنی سیستەمی راناو لە کرمانی ژووروودا د. وریا گەیشتۆتە ئەم ئەنجامانە.(وریا: 1990 : 260)

**( 1 – ئەگەر بکەر و بەرکاری رستە بە راناو دەربڕابن ، بە گۆڕینی کاتی فرمانی رستە لە رابردووەوە بۆ داهاتوو یا بە پێچەوانەوە :**

**أ – ئەبێ دەستەی راناوەکان ئاڵوگۆڕ بکرێ..واتا ئەگەر بکەر یا بەرکار سەر بە دەستەی یەکەم بێ ، دەبێ بگۆڕێ بە راناوی دەستەی دووەم و بە پێچەوانەوە.**

**ب – دەبێ ڕێکەوتن لەگەڵ فرمانا لە نێوان بکەر و بەرکاردا ئاڵوگۆڕ بکرێ. واتا ئەگەر ڕێکەوتن لە نێوان بکەر و فرماندا بوو .. دەبێ بکرێتە نێوان بەرکار و فرمان و بە پێچەوانەوە. وەك لە رستەی:**

**ئەز تە دبینم**

**(ئەز) : بکەرە سەر بە دەستەی دووەمە.**

**(تە) : بەرکارە سەر بە دەستەی یەکەمە.**

**کاتی فرمانەکەی داهاتووە لە گەڵ بکەردا لە کەس و ژمارە ڕێکەوتووە. ئەگەر کاتەکەی بکرێ بە رابردوو:**

أ – (ئەن) دەبێتە (من)

ب – (تە) دەبێتە (تو)

ج – فرمان لەگەڵ بەرکاردا ڕێك دەکەوێ و ڕاناوێکی لکاوی سەر بە کەس و ژمارەی بەرکارەکە و دەبێتە (ی). ڕستەکە دەبێتە:

من تو دیتی.

ئەگەر کات ڕابردوو بێت و بکرێ بە داهاتوو:

( من هوون دیت – ن ) دەبێتە ( ئەز وە دبین – م)

2 – ئەگەر ڕستەییێکە کات داهاتووی بکەر دیار ، کرایە بکەر نادیار ئەو ڕاناوەی دەوری بەرکاری دەبینێ دەگۆڕێ بە ڕاناوی بەرامبەری دەستەکەی تر . واتا (من) دەبێتە (ئەن) ، (تە) دەبێتە ( تو) ..هتد. وەك لەم ڕستەیەدا:

تو (من) دبینی. (بکەر دیار)

(ئەز) دێمە دیتن. (بکەر نادیار)

بە پێچەوانەوەش ئەگەر ڕستەییێکی بکەر نادیاری کات داهاتوو کرایە بکەر دیار ، ئەو ڕاناوەی دەوری بکەریی بینیوە دەگۆڕێ بە ڕاناوی بەرامبەری دەستەکەی تر. وەك:

(ئەم) دێینە دیتن. ( بکەر نادیار)

تو (مە) دیتی. (بکەر دیار)

4 – ئەو ئەرکانەی ڕاناوە جوداکانی کرمانجیی ژووروو و چۆنیتی ئاڵوگۆڕبوونی ئەرکیان بە هەڵگێڕانی کاتی ڕستە..لە کرمانجیی خواروودا لە ڕاناوە لکاوەکانا بەرچاو دەکەوێ) ( وریا 1990: 260).

بە پێداچوونەوە بە ڕێزمانی کوردی دەردەکەوێ کە د. وریا یەکەم زمانەوانە ئەم یاسایانە بەم جۆرە سیستەماتیکیە دەستنیشان دەکات و لایەنەکانی دەخاتە ڕوو.

# بـەشــی سـێـیـەم

**رەنگدانەوەی رێبازی (بەرهەمهێنان وگوێزانەوە) لە چەند بەرهەمێکی وریا عومەر ئەمین دا .**

**بناغەی سادەترین ڕستەی کوردی .**

**بنج و سیماو یاساکانی گوێزانەوە .**

**لێڵی لە زمانی کوردی**

## ڕێبازی بەرهەمهێنان وگوێزانەوە

د. وریا یەکەم زمانەوانی کوردە کە زمانی کوردی بە ڕێبازی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە شی دەکاتەوە (وریا 1979) زۆربەی کارەکانی لە چوارچیوەی ئەم ڕێبازەدا ئەنجام دەدات. لە باسێکیدا کە لە گۆڤاری ئەکادیمی ژمارە 3 ساڵی 2005 دا بڵاوبۆتەوە لەبارەی سەرهەڵدانی تیۆری بەرهەمهێنان وگوێزانەوەی چۆمسکییەوە دەڵێ:

(( لە ساڵی 1957دا کتێبە 75 لاپەڕەییەکەی چۆمسکی Syntactic structure بڵاوکرایەوە و ڕێبازی گوێزانەوە لە دایك بوو. لە سەرەتادا زۆر لە بڵاوکەرەوەکان رازی نەبوون ئەم کتێبەی بۆ بڵاو بکەنەوە بەو هەنجەتەی کە هی زمانەوانێکی گەنجی کەم تەجرەبەیە و هێشتا زۆری ماوە بگاتە ئەو پلەیەی کتێبی بۆ بڵاو بکرێتەوە . تا مامۆستایێکی خۆی کە لە لێهاتوویی چۆمسکی دڵنیا بوو ، هەوڵێکی بۆ دا لای سەرنووسەری بەلکو بۆی بڵاو بکاتەوە . ئەویش (لە پێناو هاندان) و لە بەر خاتری هاوڕێکەی کتێبەکەی بۆ بڵاو کردەوە .))

لە گەڵ ئەمەدا دەرچوونی ئەم کتێبە بوو بە گرنگترین ڕووداو لە مێژووی زمانەوانیدا. شۆڕشێکی کۆپرینیکیی بەرپا کرد هەموو پێوانەکانی سەرەوژێرکرد. ڕێبازێکی دامەزراند هەموو قوتابخانەکانی سەردەمی خۆی و پێش خۆی پێ ڕامالّی و ئاسۆییێکی فراوانی بێ پایانی لە بەردەم لێکۆڵینەوەی زمانەوانییا کردەوە. ئەنجام زۆربەی هەرە زۆری زمانەوانانی جیهان کەوتنە ژێر کاریگەریی و وای لێ کردن دووبارە بە بیر و باوەڕ و پێڕەو و بۆچوونەکانیان بینەوە و زمانەکانیان لە ژێر ئاڵای ئەم ڕێبازە نوێیە شی بکەنەوە.

لەم 45 ساڵەی دواییدا ئەم ڕێبازە زۆر بە خێرایی پەرەی سەند و تەشەنەی کرد. چۆمسکی خۆی و سەدان کەڵە زمانەوانانی جیهان بەشدارییان لەم پەرە پێدانە کرد . گەلێ ڕێبازی تر لە سایەیدا سەری هەڵدا و ڕوا بۆ لێکدانەوە و روون کردنەوە و دەرخستنی رووەکانی.

ڕێبازی گوێزانەوە بە چەن قۆناغێکا تێپەڕیوە کە دیارترینیان ئەمانەن:

1. قۆناغی SSلە ساڵی 1957 دا لەگەل دەرچوونی کتێبەکەی چۆمسکی Syntactic structure دەست پێ دەکات .
2. قۆناغی Aspectsلە ساڵی 1965 دا لەگەڵ دەرچوونی کتێبی چومسکی Aspects of the theory of syntax دەست پێ دەکات . ئەم قۆناغە بە ستاندەرتیش Standard ناو دەبرێ .
3. قۆناغی درێژە پێ دراوی ستاندەری Extended Standard theory
4. قۆناغی پێداچوونەوە بە درێژە پێ دراوی ستاندەرت Revised Extended Standard theory.
5. قۆناغی Generative Semantics .
6. قۆناغی فرمان ــ بەستن Government-Binding.

لەناو چوار چێوەی گشتی ڕێبازی گوێزانەوەدا ، هەرییەکێ لەم قۆناغانە بە ڕێبازێکی سەربەخۆ و تەواوکەر و پڕکەرەوەی قۆناغەکانی پێش خۆی دەژمێردرێ و تیشکی تازە دەخاتە سەر سروشتی زمان و ئاسۆ و تەکنیکی نوێی شیکردنەوەی زمانەوانی پێشکەش دەکات)) (وریا،295:2005) .

بیرۆکەی ڕێبازی بەرهەمهێنانی قۆناغی ئەسپێکت دوو ئاست بۆ رستە دادەنێ ئاستی قووڵ **Deep Structure** کە د. وریا زاراوەی (بنچ ) ی بۆ داناوە و **surface structure** ئاستی روو کە ( سیما ) ی بۆ داناوە . ( وریا 1989) . هەموو زانیارییە سیمانتیکییەکان و پەیوەندییە سینتاکسییەکان لە بنجدا ئامادەن. دەستەیێك یاسای بەخورتی بنجەکە ئەگوێزێتە

سیما و رستەی بیناغە دێنێتە بەرهەم.. دەستەیێك یاسای تری بە ئارەزوو دەشێ سیمای تر بە رستەکە ببەخشێ. (وریا 1979: 10)


لە ساڵی 1983دا وتارێکی نووسیوە بەناوی (بناغەی سادەترین ڕستەیکوردی) تیایدا بناماکانی رێبازی چۆمسکی دەخاتە روو هەندێ لایەنی زمانی کوردی بە پێی ئەم رێبازە شی دەکاتەوە.. یاساکانی ئەم رێبازە گشتین **Universal** بە سەرهەموو زمانێکدا دەسەپێت:

ڕ ⟵ ف . ن + ف . ك

ف .ن ⟵ ناو (ئاوڵناو......)

ف .ن ⟵ کار +(ناو) بەڵام لە کوردیدا (ناو + کار)

وەك لەم هێکاریەی خوارەوە بە دیار دەکەوێت:




د. وریا لەم باسەیدا یاساکان و فراوان کردنیان دەخاتە روو و وەك سەرەتایەك شتێکی گرنگە و بەکارێکی دەگمەن دادەنرێت .

د.وریا هەر لەم چوار چێوەیە دا ئاماژەی بە ڕێبازی گشتی لەزمان دەدات . کە وتارێکی تری پێکدەهێنێ( بنج و سیما و یاساکانی گوێزانەوە ) یە . بەشێوەیەکی گشتی ڕێزمانی گوێزانەوە لە چەند یاسایەك پێکدێت:

1. لابردن .
2. دووبارە نووسینەوە .
3. پاش و پێش خستن .
4. شیکردنەوە .

یەکێك لە تایبەتییەکانی یاساکانی گوێزانەوە لەوەدایە کە واتاناگۆڕێت،بەڵکو شێوە دەگۆڕێت , هەروەها یاساکانی گوێزانەوە ئەو یاسایانەن کە ئاستی ژێرەوە بە ئاستی سەرەوەدەگۆڕێت .

## بناغەی سادەترین ڕستەی کوردی

### گ. رۆشنبیری نوێ ژ 111 ساڵی 1986 ل 183 – 189

ئەمە ناونیشانی ئەو وتارەیە کە د. وریا لە ساڵی 1986 نووسیویەتی ، کە بێگومان د. وریا لەم نووسینەیداپشتی

بەستووە به گرنگترین بنەما تیۆریەکانی چۆمسکی کەلە ( ڕۆنانە سێتاکسییەکان 1957) دا هاتووە . یاساکانی ڕۆنانی فریزی کەئەم یاسایانەش بنەماکەی دەگەڕێتەوە بۆپێکهێنی سینتاکسی،کە پێکهێنی سەرەکیی بەرهەم هێنانەلەسیستەمی بەرهەم هێنان وگوێزانەوەدا چونکە ڕستە بەرهەم دەهێنێت .

د. وریا لەپێشەکی ووتارەکەی دا دەڵێت :**(( ڕ ستە گەورەترین دانەی ڕێزمانی زمانە ، ئامانجی هەرە سەرەکی ڕێزمان پێناسینی ڕستە یە ڕستەش پیَ ناناسرێت بیَ پێناسین و دەستنیشانکردنی سروشت وچۆنیەتی هەموو ئەوکەرەسانەی دروستی دەکەن و جۆری پەیوەندی نێوانیان لە ناو چوار چێوەی ڕستەدا ))**. **(وریا ،1986:183)**

سەرەڕای دیاریکردنی کەرستەکانی زمان وەکو **(دەنگ، فۆنیم ، برگە ، مۆرفیم، وشە ، فرێز ) ، ئنجا دێتە سەرباسی ڕستە و دەڵێت:((ڕستە لە هەر زمانێك لەچەند بەشێکی بنجی( ڕیشە )پێك دێت ...هەروانە یێکی ڕێزمانی بتوانیَ دەوری بە شێکی بنجی بگێڕیَ ( فرێز) ێك پێك دەهێنیَ )) (وریا ، 2006: 199)**

د. وریا لەم باسەدا باسی ڕونانی ڕستەی سادەو چۆنیەتی بەرهەمهێنانی لە زمانی کوردی دا کردووە،ئەویش بە دیاریکردنی سیستەمی ڕۆنانی یاساکانی فرێز یێك هێنان .

وە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە سادەترین ڕستە لە دوو فرێز یێك دێت :

1–فرێزی ناوی

2– فرێزی کاری (وریا،1986:184)

دەتوانین بەپێی یاسا بەم شێوەیەی خوارەوە دایان بڕێژین :

ڕ ⟵ ف .ن + ف .ك ............ (1)

ف .ن ⟵ ناو (ڕاناو ) ............ (2)

ف .ن ⟵ ڕە گی کار + ڕاناوێکی لکاو ............ (3)

ئاماژە بە ئەوە دەکات کە ئەم یاسا یە ئەو ڕاستییە دەردەخات ، کە هەموو ڕستە یەك لە کوردیدا دەبیَ ( ف .ن ) تێدا بێت وەك بکە ریکی ڕێزمانی و لە گەڵ فرێز ێکی فرمانی (ف.ف) وەکو گوزارە

هەریەکە لەیاساکانی(ف .ن ) و (ف . ك ) بەجیاباس دەکا وەك لەخوارەوە ئاماژەیان پێدراوە :

1– **<u>فرێزی ناوی</u>**

**ف . ن ⟵ ن + ن ...... ∝ ......... یاسای (1)**

**و و**

**ف .ن ⟵ ن + ن + ن ..... ∝ ......... یاسای (2)**

**ی ی**

**ف .ن ⟵ ن + ـــە (ئاوەلناو+ ئاوەلناو ...∝ + ەکە.... یاسای (3)**

**ف .ن ⟵ ن + ـــە (ڕادە) ئاوەڵناو ....∝ + ەکە .......... یاسا (4)**

**ف .ن ⟵ ن + (نەناسراو) + ی + (ڕادە) ئاوەڵناو ....∝ .... یاسا (5)**

**ف .ن ⟵ ن +(ناسراو/کۆ)+ ـــە +(ڕادە) ئاوەڵناو ....∝ .... یاسا (6)**

**ف .ن ــــــــــــــــــــــ ◄◄ (ژمارە) +ناو نەناسراو+ی+(ڕادە) ئاوەڵناو ....∝ .... یاسا (7) ف .ن**

**(ژمارە) +ناو (ناسراو/کۆ)+ی+(ڕادە) ئاوەڵناو+ەکە ....∝ ... یاسا (7)**

**ف .ن ــــــــــــــــــــــ ◄ ناوێکی ئیشارە +(ژمارە) ناو + ــــە+ ڕادە (ئاوەلناو)....∝.......یاسا (8)**

دەتوانرێت ئەو یاسایانە بەلەبەر چاوگرتنی چەند تێبینی یەك جێ بەجێ بکەین و کاریان پێبکرێت :

1. ئەو ناوانەی بە (و) لە یەك دەدرێت هەموو بە شداری لە ڕوو داوی فرمانە کە دەکەن بە پێی ئەو ئەرکەی لە ناو چوار چێوەی ڕستەکە داپێیان سپێردراوە.

نموونە: ئازاد و رزگار و ئاراز و ئاهەنگ ... هاتن .

2. ئەو ناوانەی بە(ی) لە یەك دەدرێن پەیوەندیان لەگەل یەکتر دا لە سەر بناغەی (هەیی) **Possessive** دایە تەنیا ناوی یەکەم ڕووداوی فرمانەکە بەپێی ئەو ئەرکەی لەناو چوار چێوەی ڕستەکە دا پێی سپێردراوە بەجێ دەهێنی . ئەو ناوەش سەر بە ناوی دووەم دەبێ و ناوی دووەم سەر بەهی سێیەم دەبێ و سێیەم سەر بە چوارەم و بەم جۆرە:وەك: برای دەزگیرانی کچی پوورم دەناسم.

3. لە ڕووی نەزەرییەوە، هیچ هێزێ نییە، بڵێ ژمارەی ئەو ناوانەی لە بکەر و بەرکاردا دەردەکەون نابێ لە وەندە ڕەتبێ. لەرووی عەمەلیشەوە ... ژیانی ڕۆژانە هەرگیز پێویستی بەم جۆرە ڕستانە نییە ژمارەی ناوەکانی یەکجار زۆر بێ.

4. هەر ناوە دەشێ ئاوەڵناوێ یان زیاتری لەگەڵدا دەرکەوێ ژمارەی ئاوەڵناوەکان بێ سنوورە.

5. مەبەست لە ڕادە ئەم جۆرە وشانەن :(زۆر _ کەمی _ هەندێ _ یەکجار ...) ڕادە پێش ئاوەڵناو دەکەوێ.

6. بەشێوەیەکی گشتی (ناوی ژمارە) و ئامرازی کۆ پێکەوە لەگەڵ هەمان ناو دا دەرناکەون .

7. ناوی ئیشارە و ئامرازی (ەکە ، ێك) هەرگیز لەگەڵ یەك دەرناکەون.

8. فریز لە کوردیدا یەك جار ئامرازی کۆی دەچێتە سەر ئەویش لەگەڵ ناوی ئیشارە دا،لەگەڵ ناوی ئیشارە دا ناو و ئاوەڵناوکان بە هۆی ئامرازی بەستن (ــە)لێك دەدرێن ،چونکە ناوی ئیشارە چەمکی ناسین دەگەیەنێ. وەك لەگەڵ (ەکە)دا ... ( بڕوانە : وریا،1986:183ب:188)

## 2 – فرێزی کاری

سەبارەت بە فرێزی کاری د.وریا بەشێوەیەکی گشتی باسی لێوە کردووە ،یاساکەی بەم شێوەیە داڕشتووە:

ف.ن ــــــــ◄ ڕەگی کار +ڕاناوەی لکاو (ڕێکەوتن)..........یاسای (1)

ئەم یاسا یە بە پشت بەستن بەم تێبینیانە جێبەجێ دەکرێت:

1. ئاماژە بۆ دوو جۆر ڕەگ کراوە:–
   1) ڕەگی ڕابردوو.
   2) ڕەگی داهاتوو.

ڕەگی کار ڕاناوی لکاوی سەر بەهەمان کەس و ژمارەی بکەر وەردەگرێت .

2. چاوگ کراوە بە سەرچاوە ڕەگ لێیەوە وەردەگیرێت. ڕەگی ڕابردوو بەلابردنی (ن) ی چاوگ دەست دەکەوێت. بۆ وەرگرتنی ڕەگی داهاتوو چەند یاسا یێك هەیە پەیوەندی مۆرفۆلۆجیی نێوان ڕەگی ڕابردوو داهاتوو ڕوون دەکاتەوە نیشانەی (دە)دەبێت لەگەڵ ڕەگی داهاتوو دەرکەوێت .

3. جۆرو کاتی فرمانەکە دەوردەگیرێن لە هەلبژاردنی ڕاناوی لکاو (مەبەست لەجۆر ،تێپەڕو تێنەپەڕە – لەکاتیش ، – ڕابردوو و داهاتووە).

ئینجا لەهێڵکاریەکدا ئاماژەی بە ڕاناوە جوداو لکاوەکان کردووە بەپێی کەس و ژمارەیان و لەگەڵ دەرکەوتنی ڕاناوە لکاوەکان لەگەڵ ڕەگی کار بۆ دەربرینی ڕێکەوتن .

فرێزی کاری لەرووی تیۆرییەوە دەکرێت تا بێ کۆتا درێژ بکرێتەوەو فراوان بکرێت ، ئەمەش بە ڕێگەی زیاد کردن ، ئەو کەرستە زمانیانەش کە دەتوانرێت بۆ فرێزی کاری زیاد بکرێت بریتین لە:(فرێزی بەند ، ئاوەڵکار ، ڕستە)

## بنج و سیما و یاساکانی گوێزانەوە

گ. رۆشنبیری نوێ ژ 121 ساڵی 1989 ل 72 – 75

ئەمە ناونیشانی ئەو وتارەیی کە د.وریا لەساڵی 1989 بلاوی کردۆتەوە ، لەسەرەتادا بە باسکردنی ڕێبازی گشتێتی Universality لە زمان دا دەست پێ دەکات ، دواتر بە هێنانەوەی چەند بەڵگەیەکی لۆجیکی ئاماژەی پێداون کە دەبنە سەلمێنەر بۆ ئەوەی کەزمانی مرۆڤ هەمووبەپێی هەمان پەیرەو کار دەکەن و هەڵدەسوڕێن ، ئەم جیاوازییانەی کە لە نێوانیان دا بە دی دەکرێت هەرلە سیمادایە ئەگینا لە (بنج) دا هەموویەکن و یەك دەگرنەوە . بە دیاری کردنی کەرستە بنجییەکانی هەموو زمانەکانی جیهان کە بریتین لە (بکەر ، بەرکار ، کار) ، بۆ ڕیزبوونی ئەم سێ دانەیە ئەم شەش ئیحتیماڵەی دیاری کردووە :

1. sov
2. svo
3. vso
4. osv
5. ovs
6. vos

گرینبێرگ دەڵێ زۆربەی زمانانی جیهان بە زۆری لە تایپی سێ جۆری یەکەمن کە تیایادا بکەر پێش بەرکار دەکەوێ . واتا (SO) . ئاماژەش بەرێز بوونی کەڕەستەکانی زمانی کوردیش دەکات کە (sov)یە.( وریا 1979: )

هەرسەبارەت بەم باسەوە د.وریا لە وتارێکی تریدا لەئاستی سینتاکسیداکەرەستەکانی زمانەکانی جیهانی بەمجۆرە دیاری کردووە،بەلام تەنها ئاماژەی بەسێ ریزبونی یەکەم داوە.(وریا،168:1989)


سەبارەت بە یاساکانی گوێزانەوەش دەڵێت :((**هەر زمانە دەستەیەك یاسای تایبەتی بەخۆوەی هەیە ڕستەکانی لەبنجەوە دەگوێزنەوە سیما ،پێیان دەوترێت یاساکانی گوێزانەوە Transfomational rules لەم گوێزانەوەیەدا شت هەیە دەقرتێنرێ ..هەیە زیاد دەکرێ .. هەیە ئاڵو گۆر دەکرێ ..هەیە دەگۆڕێ .. هتد**)) (بڕوانە ،241-235:2004)

وە دەڵێت ( یەکێ لە رووە هەرە گرنگەکانی ڕێبازی گوێزانەوە ئەوەیە ... ئەم ڕێبازە ئەتوانێ چەن رستەیێکی بە رووالەت جیاواز بخاتە پاڵ هەمان بنجەوە Deep Structure و هەمان رستە بخاتە پاڵ چەن بنجێکی جیاوازەوە. بۆ روون کردنەوەی ئەم لایەنە د. وریا رستەی (من تۆم بە ئەوان سپارد ) وەك نموونە ئەهێنێتەوە و دەڵێت کە ئەم رستەیە بەلای کەمی ئەم هەشت جۆرە دەردەکەوێ:

1 – من تۆم بە ئەوان سپارد

2 – تۆم بە ئەوان سپارد
3 – من بە ئەوانم سپاردیت
4 – بە ئەوانم سپاردیت
5 – من تۆم پێ سپاردن
6 – تۆم پێ سپاردن
7 – من پێم سپاردنیت
8 – پێم سپاردنیت

ئەم هەشت رستەیە لە رووالەتدا جیاوازن. هەر یێکە قالبێکی جیاوازی هەیە. کەچی هەموو هاوواتان. ئەمە ئەوە ئەگەیێنێ کە ئەم هەشت رستەیە هاوبنجن . لە ئەنجامی سەپاندنی دەستەیێك یاسای جیای گوێزانەوە بنجەکە یان بەرەو سیمای Surface Structure جیا گواستەوە و قالب و شێوەی جیایان پێ بەخشی.




بە هۆی چەند یاسایەك کە لە زمان دا هەیە دەتوانین لە بنجێك دا زیاتر لە چەند سیمایەك دروست بکەین بەم شێوەیە خوارەرەوە :-

أ. 1- من تۆم بە ئەوان سپارد . – یاسای بە خورتی لە بنجەوە رستەی بیناغەی هێنایە بەرهەم.
2 – تۆم بە ئەوان سپارد . – یاسای بکەر لادان
3- من بە ئەوانم سپاردیت . – یاسای جێگیرکردنی راناوی جودای بەرکاری بە لکاو
4 – بە ئەوانم سپاردیت . – یاسای بکەر لادان + یاسای جێگیرکردنی راناوی جودای بەرکاری بە لکاو
5 – من تۆم پێ سپاردن . – یاسای جێگیرکردنی بەرکاری ناڕاستەو بە ڕاناوی لکاو
6 – تۆم پێ سپاردن . – یاسای بکەر لادان + جێگیرکردنی هەردوو راناوی جودای بکەری و بەرکاری بە لکاو.
7 – من پێم سپاردنیت . – یاسای (بەرکاری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ هەردوو پێکەوە)

هەموو ڕستەکان لەروالەتدا جیاوازن .. کەچی هەموو هاو واتان . ئەمە ئەوە دەگەیێنێ کە ئەم هەشت رستەیە هاوبنجن . لەئەنجامی سەپاندنی دەستە پێك یاسای جیای بە ئا رەزوو optional گوێزرانەوە بنجەکەیان بەرەو سیمای جیا گواستنەوە و قالب و شێوەی جیایان پێ بەخشین .

بۆ هەڵقولانی ،هەریەك لەم ڕستانە یاسایەکی تایبەت هەیە بۆ دروست بوونیان بۆ سیمای یەکەم ، دەگەرێتە بۆ یاسای بە خورتی obligatory .

چەند یاسایەکی تری ئارەزووی سیمای تری بە دەردەخەن وەك :

1. یاسایێکی گوێزانەوەی بە ئارەزوو لە زمانی کوردیدا هەیە دەڵێ (**دوای سەیاندنی یاسا بە خورتی یەکان دەشێ بکەر ڕستەکە لابرێ** )ئەم یاسایە subject NP deletion (یاسای بکەر لادان ) ناو دەبرێ .

تۆم بە ئەوان سپارد .

2. لە زمانی کوردیدا دەستەییك یاسای بە ئارەزوو هەن بەهۆیانەوە دەشێ ڕاناوی جودای بەرکاری (ڕاستەوخۆ ، ناڕاستەوخۆ ، ڕاستەوخۆ +ناڕاستەوخۆ) بە ڕاناوی لکاو جێگیر بکرین .

وەك لە دروست بوونی نموونەکانی سەروودا دەبینرێت :–

من بە ئەوانم سپاردیت .

بە ئەوانم سپاردیت .

من تۆم پێ سپاردن .

تۆم پێ سپاردن .

من پێم سپاردیت .

پێم سپاردیت .      (بڕوانە :وریا،2005:298–301)

**دووەم : کە ڕستەیەك یەك بنج و زیاتر لە بنجێکی دەبێ :**




بنج 1      بنج 2      بنج 3 . . . هتد

ڕستەێکی وەك : لەوانەیە ئازاد بێ . بەلای کەمی ئەم پێنج واتایە دەگێنێ :

1. لەوانەیە ئازاد (ئیمرۆ) بێ (بۆ ئیرە) .
2. لەوانەیە ئازاد بێ (دەنگی دێ) .
3. لەوانەیە ئەو (کە بەند بوو ئێستاکە ) ئازاد بێ .
4. لەوانەیە ئەو (کە ئێستاکە بەندە) .
5. لەوانەیە ئازاد (بەیانی) بێ (بۆ ئێرە) .

هۆی ئەم لێڵییە ئەوەیە ئەم ڕستەیە زیاتر لە یێك بنجی دەدرێتە پاڵ .. وە چەند یاسا یێکی گوێزانەوەی جیا ئەم بنجە جیاوازانە دەگوێزنە سیما ڕێکەوت دەیانکات بە هاوسیما . (وریا ،2005:301–302)

کە واتە ئەم ڕستانەی زیاتر لە مانایەکیان هەبێ بە ڕستەی لێڵ ambiguous ناودەبرێن . (وریا،2004:240)

## لێڵی لە زمانی کوردیدا

**گ. رۆشنبیری نوێ ژ 136 ساڵی 1995 ل 66 – 69**

د. وریا یەکەم جار لە ساڵی 1976 دا باسی لێڵیی سینتاکسی دەکات و دەڵێ رستەی ( ئازاد و رزگاری زیرەك هاتن ) لێڵە ئەم دوو واتایەی هەیە :

1 – ئازاد و رزگار هەردووك زیرەکن .      ( ئازاد و رزگاری) زیرەك هاتن.

2 – هەر رزگار زیرەکە.      ئازاد و ( رزگاری زیرەك) هاتن.

پەیوەندییە سینتاکسییە جیاوازەکانی ئەم رستەیە بەم هێلکارییە ئەمە روون دەکاتەوە.

ئازاد و رزگاری زیرەك هاتن

(وریا 1976:21)


دوای ئەمە لە وتاری (بنج و سیما و یاساکانی گوێزانەوە 1989 ل 72) دا دەڵێ ( لە ناو چوارچیوەی زمانێکدا ئەگەر یەك دەربڕین(رستە) دوو مانای جیای بەخشی ئەوە ئەم رستەیە یەك سیما و دوو بنجی هەیە.) واتا لێڵە. بۆ ئەمە دوو هۆ دەست نیشان دەکات. یەکەم : وشەیەك لە رستەکەدا دوو واتای جیای هەبێ و ئەم نموونەیە ئەهێنێتەوە ( ئازاد ئازار لە دڵا دەڕوێنێ) .دووەم : هۆی جیاوازی پەیوەندیی نێوان بەشەکانی رستە لە بنجدا و ئەم نموونەیە ئەهێنێتەوە.( پێم دەخورێ) واتا ( دەتوانم بیخۆم – یا – قاچم دەخورێ) (وریا 1989: 74).

لە وتاری ( لێڵی لە زمانی کوردیدا 1995).دوو جۆر لێڵیی دەست نیشان کردووە کە بریتین لە :

1. لێڵی مۆرفۆلۆجی .
2. لێڵی سینتاکسی .

بەو پێیەی کە د.وریا پشت بە رێبازی (**زمانەوانیی شیتەڵی (وەسفی )**) دەبەستێ لە دیاریکردنی پەیوەندی نێوان ئاستەکانی زمان کە ئاستەکانی لە سەر پەیرەوێکی تەپۆلکەیی داڕشتووە : ((**ئەرکی سەرەکی زمان گواستنەوەی بیرو واتایە . (چەمك واتا ) لەپەیژەی تەپۆلکەی ئاستەکانی شیکردنەوە (لەمۆرفیمە وەدەست پێدەکات و بەرەو ژوور تادەگاتە رستە) (وریا،32:2007)**

1.لێڵی مۆرفۆلۆجی: **((ئەوەیە وشەیێك یا مۆرفیمێك (بەتەنیا) ببیسترێ یابخوێنرێتەوە گوێگریا خوێنەر بە زیاتر لە مانایێك تێی بگا))** چەندنموونەیەکی هێناوەتەوە لەوانە :





ئینجا باس لە چەند جۆێك لە وشە دەکات وەك :

(( 1 – وشە هەیە تەنیا لە نووسین دا لێڵە ... بەبیستن لێڵیەکەی دەڕوێتەوە . وشەی (سەوزە) بەنموونە دێنێتەوە . ئەگەر هێز کەوتە سەر برگەی یەکەم دەبێتە سیفەتێك وەك (گیا سەوزە sa'wza ) ئەگەر هێز کەوتە سەر برگەی دووەم واتای (خواردەمەنیی سەوز– sawza' ) وەئاماژە بە هۆکاری ئەم لێڵیە دەدات دەیگەرێنێتەوە بۆ ( ـــە ) وە دەڵێن جارێك وەك دانەیێکی مۆرفۆلۆجی و جارێ وەك سینتاکس لەگەڵ (سەوز) دا دەردەکەوێ .)) واتە دەگەڕێتەوە بۆ دیاردەی لێڵی مۆرفۆسینتاکسی . وشە هەیە لە نوسیندا لە دوو ڕووەوە زیاتر لێڵە . بەوتن بەشێکی لێڵەکەی دەڕەوێتەوە . وەك :(نوستن– هاتن)

نوستن – هاتن (چەمکی چاوگی و ناوی دەگەیێنن)

نوستن – هاتن (چەمکی کاری دەگەیەنێنن)

وەدەڵێت ئەم دارشتنانە لە چەمکی کاریدا دیسان لێڵن، چونکە ڕاناوی کەسی دووەم و سێیەم کۆ (ن) هاودەنگن .



ڕای وایە هەموو چاوگە تێپەڕەکان بەر ئەم جۆرە لێڵییە دەکەون .

2 – لە (چوون - مان ) دا لێڵی سێ ڕووییە . چونکە یەك بڕگەیین بە وتن شوێنی هێز ناگۆڕێ .

چوون ← چوون بۆ مانگ دەسکەوتێکی مەزنە .
ئیوە چوون
ئەوان چوون .

3 – لە (یائی) تێنەپەڕدا لێڵییەکە دەبێتە چوار ڕوویی . وەك (پێکەنین – پژمین– خزین) کە ڕاناوی کەسی یەکەمی کۆ (ین) یان دەچێتە سەر ... (ی) ی ڕاناو لەگەڵ (ی)ی ڕەگی ڕابردوو لەناویەکتردا دەتوێنەوە دەبن بە یەك (ی) .

پێکەنین ← پێکەنین خۆشە (چاووگ)
ئەوان پێکەنین (پێکەنی + ن)
ئێوە پێکەنین (پێکەنی + ن)
ئێمە پێکەنین (پێکەنی + ین)

ئاماژە بە وە دەکات کە ئەم جۆرە لێڵیانە هەموو لەڕستەدا نامێنن . ( وریا 1995 : 67)

## 2. لێڵی لە ڕستەدا

د.وریا یەکەم زمانەوانی کوردە باسی لێلیی ڕستەی کردووە (**وریا 1976: 21**) .لە بارەیەوە دەڵێت :((**ڕستە لێڵە ئەگەر زیاتر لە مانایێکی بوو . چەند هۆیێکی هەیە و بە چەند جۆرێك لێك دەدرێتەوە)) (وریا 1995: 66)** .

**1** : هەبوونی وشەی (فرە واتا) polysemous لە ڕستەدا وەك لە : ئازاد ئازار لە دڵ دەڕوێنێ .

ئەم دوو واتایە دژیەکەی هەیە :

1– ئازاد ئازار دەخاتە دڵ .

2– ئازاد ئازار لە دڵ لادەبا .

دەڵێت هۆی ئەمە ئەوەیە وشەی (دەڕوێنێ) ئەم دوو مانایەی دەخرێتە پاڵ (1–چاندن 2– تێپەری ڕۆیشتن ).

**2** – : جیایی لە ئاوازی ڕستە Intonation وەك لە ڕستەی : هەر چواریان هاتن .

1. هەموو . چوار بوون و هەموو هاتن . بۆ ئەم واتایە وزەی زیاد دەخریتە سەر (هەر) .

2. زیاتر بوون لە چوار و تەنیا چواریان لێ هاتن . بۆ ئەم واتایە وزەی زیاد دەخرێتە سەر (چوار ) .

کە بێگومان جیایی لە ئاواز تەنیا لای د.وریا باسی لێوەکراوە وەکو هۆیەکی تری لێڵی لە پاك چەند هۆی تردا .

**3** – د.وریا باس لە جۆرێکی تری لێڵی دەکات و دەڵێت هەبوونی دوو پەیوەندیی جیا لە نێوان بەشەکانی ڕستە لە بنجدا ( Deep structure) و دەرنەکەوتنی ئەم جیاوازیە لە سیمادا Surface structure .

ئاواز و ئاهەنگی خوشکم چوونە هەولێر . دوو واتای جیای هەیە :

1. ئاواز و ئاهەنگ هەردووك خوشکمن .

2. هەر ئاهەنگ خوشکمە .

4 – : دەڵێت: ((**لە ئەنجامی سەپاندنی هەندێ یاسای گوێزانەوە ... یاسای جیا دوو ڕستەی جیا (لە بنجدا) دەکەن بە هاوسیما . بۆ نموونە ڕستەی ( پێی دەخورێ)). ئەم سێ واتایەی هەیە :**

1. قاچی (وەك خواردن) دەخورێ .
2. قاچی (وەك هەست و ئازار) دەخورێ .
3. دەتوانێ بیخوا .

لە وتاری (هێزو ئاوان) دا ( گ. ڕۆشنبیری نوێ ژ 134 – 1995 ل 13 – 16) دا ، د. وریا بە فراوانی لە چەمکی لێڵی و جۆرەکانی دەدوێ و هۆی لێڵیی فۆنۆلۆجی دەخاتە ڕوو. و بە پێوانەی فۆنۆلۆجیی مۆڕفیمە هاودەنگەکانی مۆڕفۆلۆجی لە هی سینتاکسی جیا دەکاتەوە.

# ئەنجام

**دوای لێکۆڵینەوە لە کار و بەرهەمەکانی د. وریا عومەر ئەمین دەرکەوت کە:**

**1** – یەکەم زمانەوانە بەپێی ڕێبازی ( بنیاتگەری ) و (گوێزانەوەی چۆمسکی) لە زمانی کوردی کۆڵیوەتەوە.

**2** – بەرهەمەکانی بە گیانێکی زانستیانە ، بە پشت بەستن بە دەسکەوتەکانی زمانەوانیی نوێ , بە شێوازێکی سادە و ڕەوان و ڕاستەوخۆ پێشکەش کردووە. دەیان زاراوە و بیر و چەمکی زمانەوانی و تەکنیکی شیکردنەوەی نوێی پێشکەش بە بواری شیکردنەوەی زمانەوانی کوردیی کردووە.

**3** – چەن یاسایێکی گرنگی ڕێزمانی کوردیی دەست نیشان کردووە کە پێشتر باس نەکرابوون و هەندێ لایەنی لێڵی ڕێزمانی زمانی کوردیی ڕوون کردۆتەوە و لێکداوەتەوە.تەکنیکی هێلکاریی بە شیکردنەوەی ڕێزمان و زمانەوانیی کوردیی ناساندووە.

**4** – یەکەم زمانەوانە کە:

أ) – بە پێی یاسا فرێزییەکان زمانی کوردیی شیکردۆتەوە.

ب) باسی مۆرفۆسینتاکس و مۆڕفۆفۆنیمی لە زمانی کوردیدا کردووە و یاساکانی داڕشتووە.

پ) – باسی لێڵیی ڕستەسازی لە زمانی کوردیدا دەکات.

ت) – فۆنەتیك و فۆنۆلۆجیی لە شیکردنەوەی دەنگسازیی کوردیدا لێك جیا کردۆتەوە و یاساکانی داڕشتنی برگەی کوردیی و چەن یاسایێکی سەرەکیی فۆنۆلۆجیی زمانی کوردیی و هۆی لێڵیی فۆنۆلۆجی دەخاتە ڕوو و بەیاسای فۆنۆلۆجیی مۆڕفیمە هاودەنگەکانی مۆڕفۆلۆجی لە هی سینتاکسی جیا دەکاتەوە.

ج) – یاساکانی دەرکەوتنی پاشبەندەکان و پەیوەندییان بە پێشبەندەکانەوەی دەستنیشان کردووە.

چ) – سیستەمی کار کردنی راناوی جودا و لکاو و ئاڵوگۆڕبوونی ئەرکەکانیان بە گۆڕینی کات لە کرمانجیی خواروو و ژووروو و ناوچەی گەرمیاندا دەستنیشان کردووە.

ح) – لە رووی تایپۆلۆجییەوە زمانی کوردیی وەك زمانێکی نووساو **agglutinative** ی **Polysenthetic** ی پۆلکردووە.

خ) – یاسا کانی گوێزانەوەی رستەی بکەر نادیاری مۆڕفۆسینتاکسیی دەستنیشان کردووە.

د) – باسی پەیوەندیی زمان بە ماتماتیکەوە دەکات و هەندێ لە رووە بیرکارییەکانی زمانی کوردی دەخاتە ڕوو.

هـ – باسی ئێرگەتیڤ و ئەسپێکت و مود و چۆنیەتی کارکردنیان لە زمانی کوردیدا دەکات و هێز وەك نیشانەیەکی کات دەستنیشان دەکات.

**5** – کاری لە بواری زمانەوانی کوردی کردووە و ڕێبازێکی نوێی لە شیکردنەوەی زمانەوانی کوردی دامەزراندووە.زۆربەی زۆری زمانەوانان و قوتابییانی خوێندنی باڵا کەوتوونەتە ژێرکاریگەریی پێڕەوەکەی. مۆرکی ئەم کاریگەرییە لە هەموو نامەی دکتۆرا و ماجستێرەکاندا بە ئاشکرا دیارە.دەیان زاراوەی زمانەوانیی بە کوردی داڕشتووە.

6 – ڕێزمانی کوردیی لە بۆتەی ڕێزمانی چاولێکەریی دەرباز کردووە و پێڕەوی تازەی هێنایە ناو بواری لێکۆڵینەوەی زمانەوانی زمانی کوردی و دەیان زاراوەی زمانەوانی داڕشتووە.

7 – دامەزرێنەری بەشی خوێندنی باڵای دکتۆرای زمان وئەدەبی کوردییە و زۆربەی هەرە زۆری دکتۆر و ماجستێری زمان و ئەدەبی کوردی قوتابیی د. وریا بوون . تەرقییەی بە زۆربەی زۆری مامۆستایانی زمانەوانیی هەموو بەشە کوردی ئینگلیزییەکان کردووە بۆ پلەی پرۆفیسۆری و یاریدەری و مامۆستا.

## سەرچاوەکان


1 – **ئەورەحمانی حاجی مارف** (1987) ڕێزمانی کوردی . ب 1 (وشەسازی) و ب2 (جێناو) . دەزگای ڕۆشنبیری کوردی. بەغداد

2 – ———————— (1989) ڕابەری سەرچاوە لە بارەی زمانی کوردییەوە. دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی. بەغداد.

3 – ———————— (1999) ڕەخنەی ناڕەختە ب 2 . سەردەم. سلێمانی.

4 – **بەدران ئەحمەد حەبیب** (2004) لە پێشەکیی کتێبی چەن ئاسۆیەکی تری زمانەوانیی پرۆفیسۆر وریا عومەر ئەمین دا.

5 – **حلتم وليا محەمەد** (2006) پەیوەندییە ڕۆنانییەکانی نواندنەسییەکان . نامەی دکتۆرای بڵاو نەکراوە.. زانکۆی سەلاحەددین. هەولێر.

6 – **تۆفیق وەهبی** (1956 ) قواعد اللغه الكرديه.

7 – **دیار عەلی کەمال کەریم** (2002) ڕێزمانی کوردی – ڕوانگەییێکی بەرهەم هێنان و گوێزانەوە. نامەی ماجستێری بڵاو نەکراوە. کولێژی زمان. زانکۆی سەلاحەددین. هەولێر.

8 – **سەعید سدقی کابان** (1928) مختصری صرف و نحوی کوردی. بەغداد.

9 – **کامیل عومەر** (2008) دیمانە لەگەڵ د. وریا عومەر ئەمین. ڕۆژنامەی چاودێر ژ 185 ی 2008./7/14

10 – **سەلام ناوخۆش** (2005) پوختەییێك زمانناسی. چ. چوارچرا. هەولێر.

11 – **شێرکۆ بابان** (1997) داینامیزی جێناوی لکاو لە ڕستەسازیدا. چ. ماردین. هەولێر.

12 – —————— (1999) لە مۆرکە تایبەتییەکانی زمانی کوردی. ئاراس. هەولێر.

13 – **صادق بها الدين** (1961 ) گراماتیکا زمانێ کوردی. گ ڕوناهی ژ1 س2. بەغداد

14 – ———————— (1971 ) زمانێ کوردی.گ. ڕۆژی کوردستان ژ1 س1 . بەغداد

15 – ———————— (1976 ) ڕێزمانا کرمانجی. بەغداد.

16 – **عومەر مەحموود کەریم** (2003) کاری تێپەڕ و تێنەپەڕ لە زمانی کوردیدا . نامەی ماجستێری بڵاونەکراوە. کولێجی پەروەردەی ئیبن روشد. زانکۆی بەغداد.

17 – **حسن جاف** (1989) کتێبی ڕێزمانی ڕاناوی لکاوی د. وریا عومەر ئەمین – ڕۆژنامەی پاشکۆی (العراق) – ژ 104 – 1989/9/27 ل 5

18 – **حميد أبو بكر أحمد** (2006) دیدار لەگەڵ پرۆفیسۆر وریا عمر أمين – ڕۆژنامەی بەدرخان ژ 66 / 22–2–2006 و 67 / 22–3–2006

29 – **عبدالرزاق بیمار** (1997) جوانکیلەی پەنا کرتوو – پاشکۆی ڕۆژنامەی ( العراق) – ژ (455 و 457 ) 12و26 /10/ 1997.

20 – **کریم شارزا** (2004) وێنەی شیعری لە چەپکە شیعرێکی وریا عومەر ئەمین دا. گ. ( نووسەری نوێ ) ژ 22 ساڵی2004 ل 32 – 41.

21 – **لیژنەی زمان و زانستەکانی کۆڕی زانیاری کورد** (1976) ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی. چ. کۆڕی زانیاری . بەغداد.

22 – **محەمەد مەعرووف فەتاح و سەباح ڕەشید قادر** (2006) چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجیی کوردی. چ.ڕوون. سلێمانی.

23 – **مسعود محمد** (1976) چەن حەشارگەییێکی ڕێزمانی کوردی. بەغداد.

24 – ——————— (1986) گەشتی ژیانم – گ. ڕۆشنبیری نوێ ژ 109/ 1986 ل 280.

25 – **نەریمان خۆشناو** (2006) ناودارانی کورد – پرۆفیسۆر وریا عمر أمين – ڕۆژنامەی بەدرخان ژ 73: 22 / 9 و 74: 10/22 و 75: 11/22 – 2006 .

26 – **نووری عەلی ئەمین** ( 1956) قەواعیدی زمانی کوردی . ب1 . بەغداد.

27 – —————— ( 1958) قەواعیدی زمانی کوردی . ب2 . بەغداد.

28 – —————— ( 1960 ) ڕێزمانی کوردی. چاپخانەی کامەران. سلێمانی.

29 – **هاشم سەرراج** (2008) دەنگ.. فۆنەتیك..فۆنیم..فۆنۆلۆژی – گ. ڕامان ژ 130 ل 151 – 156

30 – **وریا عومەر ئەمین** (1982) ئیملای کوردی و چەند تێبینییەك. گ. کۆڕی زانیاری عیراق – دەستەی کورد. ژ 9. ل 434 – 439

31 – ---------- (1982) رستەی بکەر نادیار . گۆڤاری رۆشنبیری نویَ ژ 95 . ل 34 – 35
32 – ---------- (1983) رێزمانی راناوی لکاو – گ. کاروان ژ 8 ل 68 – 74
33 – ---------- (1986) رێزمانی راناوی لکاو– بغداد
34 – ---------- (1986) بناغەی سادەترین ڕستەی کوردی– گ. رۆشنبیری نویَ ژ 111 ل 183 – 189
35 – ---------- (1986) پاشبەندەکان – گ. کۆڕی زانیاری عیراق – دەستەی ژ 15 ل 182 – 193.
36 – ---------- (1989) بنج و سیما و یاساکانی گوێزانەوە – گ. رۆشنبیری نویَ ژ 121 ل 72 – 75
37 – ---------- (1990) رێزمانی راناو لە کرمانجیی ژووروودا – گ. کۆڕی زانیاری عیراق – دەستەی کورد. ژ 21 ل 252 – .262
38 – ---------- (1992) نیشانەکانی کات لە زمانی کوردیدا ز گۆڤاری کاروان ژ 92 ل 88 – 92.
39 – ---------- (1992) لە پەیوەندییەکانی بکەرنادیار گ. رۆشنبیری نویَ ژ 126 ل 48 – 57.
40 – ---------- (1994) بنج و سیما و یاساکانی گوێزانەوە – گ. رۆشنبیری نویَ ژ 134 ل 13 – 16
41 – ---------- (1995) لێڵی لە زمانی کوردیدا – گ. رۆشنبیری نویَ ژ 136 5 ل 66 – 69
42 – ---------- (1998) پاشبەندی (یَ) لە رەخنەی نارەخنەدا. گ رۆشنبیری نویَ. ژ142 ل 15 – .20
43 – ---------- (2000) بەراوردییەك – گ. رۆشنبیری نویَ ژ 146 ل 16 – 20
44 – ---------- (2001) سیستەمی کارکردنی راناو لە کرمانجیی ژووروودا – گ. رۆشنبیری نویَ ژ 147 ل 50 – .55
45 – ---------- (2002) ساڵنامەی کوردستان – ئاراس. هەولێر.
46 – ---------- (2004) ئاسۆیێکی تری زمانەوانی – ئاراس . هەولێر.
47 – ---------- (2005) لە رووەکانی رێبازی گوێزانەوە. گ. ئەکادیمی ژ 3.

49 - **Amin, W. O**. (1976)Some Fundamental Rules of Kurdish Syntax Structure-London University
50 - ---------------(1979)Aspects of the verbal construction in Kurdish . SOAS London University.
51 – **Mackenzie, D.N**. (1961) Kurdish Dialect Studies.London.
52 – **McCarus, E. N.** (1958) A Kurdish Grammar. Discriptive analysis of the Kurdish of Sulaimaniya.New York.

## دیمانەکان

1 – **د.شلێر رەسوڵ بەرزنجی** .دیمانە لە 2007/12 /13 .لە بەشی زمانی کوردی . کولێژی زمان. زانکۆی سەلاحەددین.
2 – **د. عومەر مەحموود کەریم** . دیمانە لە 8/ 4 / 2009 بەشی زمانی کوردی . کولێژی زمان. زانکۆی کۆیە.
3 – **کەمال محەممەد ئەنوەر** . دیمانە لە 2007/12/13 دا . بەشی زمانی کوردی . کولێژی زمان. زانکۆی کۆیە.
4 – **رۆژان نووری** . دیمانە لە 8/4/ 2008 دا . بەشی زمانی کوردی . کولێژی زمان. زانکۆی کۆیە.
5 – بابا رەسوول نوری. دیمانە لە 2009/10/17 بەشی زمانی کوردی . کولێژی زمان. زانکۆی کۆیە.
6 – د. شەهاب شێخ تەییب. دیمانە لە 2009/10/13 بەشی زمانی کوردی . کولێژی زمان. زانکۆی سۆران.
7 – م. نەریمان خۆشناو. دیمانە لە 2009/10/114 بەشی زمانی کوردی . کولێژی زمان. زانکۆی کۆیە.